# ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

م. ی. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین
فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت

م. مستەفا سەید مینە مستەفا
فاکەڵتی پەروەردە/قەڵادزێ

زانکۆی ڕاپەڕین

## پێشەکی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، کە ناوبانگی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش بە هۆی پاراوی و ڕەوانی شیعرەکانی و ئەو کەلێنە گەورەی لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا گرتوویەتی، کە بابەتی داشۆرینە.

هەڵبەت مەبەست و نێوەرۆکی شیعرەکانی بایەخێکی زۆری پێدراوە، بەڵام ڕوخساری شیعرەکانی کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەمان بۆ ڕوخساری شیعرەکانی تەرخانکرد.

گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان لە بەشی پراکتیکیدا هاتەڕوو، ئەویش لەبەر ئەوەی چاپە جیاجیاکانی دیوانی شێخ ڕەزا هەموویان لە ژمارەی شیعرەکانیاندا یەکسان نین، لەبەرئەوە ناچاربووین سەرجەم دیوانەکان پێکەوە بەراوردبکەین و، نموونەکان لە یەك چاپی هەرە گشتگیر هەڵبژێرین.

توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆك خراوەتەڕوو، گرنگی هاوسەنگیی نێوان ئەم دووانە ڕوونکراوەتەوە، پاشان تەکنیك و سەروای شیعرەکانی توێژراوەتەوە، کە تاك بەیت و سێین و چوارین و پێنجین و پێنج خشتەکی و مولەممەع و پارچە و غەزەل و قەسیدە دەگرێتەوە، نموونە بۆ هەر کامیان هێنراوەتەوە.

بەشی دووەمیش بۆ زمانی شیعرەکانی تەرخانکراوە و، لە پێشدا باسی چەمکی زمانی شیعری و جیاوازیی لەگەڵ زمانی ئاسایی کراوە، دوای ئەوە کورت و پوخت لە زمانی شیعری شێخ ڕەزا توێژراوەتەوە و، بە نموونەی شیعرەکانی، ئەو وشە کوردی و عەربی و تورکیانەی بەکاری هێناون، دیاریکراون.

بەشی سێیەمیشمان تایبەت کردووە بە کێشی شیعرەکانی... لەم بەشەدا پاش ڕوونکردنەوەی گرنگیی کێش لە شیعردا، باسی بایەخی کێشمان لە ڕوخساری شیعردا کردووە و، لە کۆتاییدا بە نموونەوە ئەو کێشانەی شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، دیاریمان کردوون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بە دەستهاتوون لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم
## ڕوخساری شیعرەکانی

### پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆك

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بارەی شیعرەوە کراون ڕوخسار و نێوەرۆکیان لێك جیاکردووەتەوە و، بە جیا لە هەریەکەیان توێژیوەتەوە، ئەمەش بە نسبەت توێژینەوە کارێکی ئاساییە. ئەگەر مەبەست لێی ڕوونکردنەوە و ئاسانکاریی بێت بۆ تێگەیاندن و حاڵی کردنی خوێنەر.

بەڵام دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین، کە دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی تۆکمە و لێك دانەبڕاوە و بە یەکگرتوویی لە هەست و نەستی کەسانی خاوەن بەهرە و سەلیقەی هونەری دێتەدەر و، ناکرێت بەش بەش و لێك جیا بکرێتەوە. ڕوخسار و نێوەرۆکیش هەردووکیان لە خزمەتی دەقی ئەدەبیدان و، ڕوخسار دیوی دەرەوەی دەقە و جەستەی نێوەرۆکە. نێوەرۆکیش کاکڵەی بیر و مەبەستی نووسەرە. پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆکیش لە شیعردا لە سەر بنەمای خزمەت و لێك نزیکبوونەوە دامەزراوە، نەك دژایەتی کردن و دوورکەوتنەوە.

هەموو نێوەرۆکێك ڕوخسارێکی تایبەت بە خۆی دەخوازێت، چونکە ((بیر بە تەنیا ناتوانێ گوزارشت لە واتا و مەبەستەکان بکات کە لە لای هەڵگری ئەو بیرە هەیە، دەبێت ئاوێتە و تێکەڵاوی زمانێك بێت و لە شێوازێکی لەبار و گونجاودا))[١]. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((پێوەندییەکی دوو سەرەی توندوتۆڵ لە نێوان ڕوخسار و نێوەرۆکدا هەیە، تا هاوسەنگی و گونجانی نێوان ئەو دووانە زیاتر بێت، دەقەکە جوان و بەرزتر دەبێت و، بە پێچەوانەشەوە لاسەنگیی نێوانیان زیان بە ڕەونەق و جوانیی دەقەکە دەگەیەنێت))[٢]، ئەگەر لەو ڕوانگەیەشەوە سەیری شیعر بکەین، کە ڕێگا تاریکەکان بۆ خەڵك ڕووناك دەکاتەوە و، چێژ و خۆشی بە دڵ و دەروونی خوێنەر دەبەخشێ و شادی هێنەرە بۆ دڵەکان، ئەوا دیسانەوە وشە و وێنەی شیعرییە، کە دەتوانن هەموو ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن، بۆیە شاعیر دەبێت هەردەم ڕەچاوی گرنگی وشە بکات و بزانێ لە شوێنی خۆیدا بەکاری بهێنێ و، وەستایانە وێنەی ڕەنگین و ڕازاوەی لێ دروست بکات[٣].

ئەم ڕاستییەش لە مێژە هەستی پێ کراوە، ئەوەتا (شێخ محەمەدی خاڵ) بەم جۆرە پێناسەی شیعر دەکات و، پێی وایە ((شیعر قسەیەکی ڕێك و پێکی زۆر جوانە کە لە دڵ و دەروونی هێندێ کەسی خاوەن خوادادەوە هەڵ دەقوڵێ بۆ سەر زمان، لە پەردە و کاڵایەکی موزیقی دا کە بە بیستنی مەردم دەکەوێتە جونبوش و جووڵە جووڵ))[٤]، بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی تەنها بۆ کات بە سەربردن و خۆشی و لەزەت وەرگرتن نییە، ڕوخساری جوان هەموو کات دەبێ نێوەرۆکێکی جوانی لەگەڵدا بێت و، بەپێچەوانەشەوە. چونکە ڕوخسار و نێوەرۆك پێوەندییەکی دیالێکتیکانەیان لە نێواندا هەیە و، یەکتر تەواو دەکەن و، هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی دیکەیان ناگونجێ و بەردەوام نابێت، جگە لەوەش هەر لە سەردەمی

---

[١] حەمە نوری عومەر کاکی ، شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ، چاپخانەی تیشك ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٨ ، لا١٢.

[٢] سیروس شمیسا ، سبك شناسی شعر، انتشارات فردوس ، چ٤ ، تهران ١٣٧٨، ص٢١٤.

[٣] عەبدوڵڵا خدر مەولوود (د) ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، لا٣٩.

[٤] زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ،چاپی یازدەهەم ، چاپخانەی (بسمان) ، ١٤٢٣ك – ٢٠٠٢ز ، لا١٤٧.

یۆنانییە کۆنەکانەوە ئەرکی شاعیران دیاری کراوە، کە دەبێت مەبەستیان (سوود) یان (خۆشی) گەیاندن بێت بە خوێنەر یان هەردووکیان بە یەکەوە، بەجۆرێك لەو کاتەی کە خۆشی بە خوێنەر دەگەیەنێت، هەر لەو کاتەشدا هەندێك شتی بەسوود لە ژیاندا فێری خوێنەر بکات[٥]. بەو پێودانگەش ڕوخسار و نێوەرۆك، وەك دووتای یەك تەرازوو سەیر دەکرێن و، دەردەکەون.

بەڵام زۆربەی کات ڕوخسارە، کە زیاتر کار دەکاتە سەر خوێنەر و گوێگری شیعر و، دەیهەژێنێ و، وای لێ دەکات، کە نێوەرۆك و بەرهەمەکەی بەدڵ بێت، هەروەها زانایانی جوانناسیش جوانی دەگێڕنەوە بۆ ئەو لەزەتەی ڕوخساری دەرەوەی شتەکان لای ئێمە دروستی دەکەن[٦]، چونکە ڕوخسار لایەنی ئیستاتیکای هونەرە، ئەوە کە تام و چێژ بە شیعر دەبەخشێت و، لە قسەی بازاڕی دایدەبڕێت و وێنەی هونەری بەرجەستە دەکات و، سەرنجی خوێنەر و گوێگری شیعر بە لای نێوەرۆکدا ڕادەکێشێت، چونکە ڕوخسار و سۆز و ئەندێشەیە کە کار دەکاتە سەر خوێنەر و گوێگری شیعر و وایان لێ دەکات نێوەرۆکەکەی قبوڵ بکەن و بەپێچەوانەشەوە ڕوخساری ناشیرین و لاوازیشە، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر نێوەرۆك و خەڵکی لێ دوور دەخاتەوە[٧]. هەر ئەمەشە کەوای لە هەندێك کەس کردووە پێیان وابێت شیعرێك بە ڕوخسارێکی جوانەوە باس لە شتێکی خراپ و بێ کەڵك بکات زۆر لەو شیعرانە هونەری تر و چێژ بەخشترە ، کە باس لە شتی دانستە و نایاب دەکەن لە ڕوخسار و وێنەیەکی هونەری لاوازدا[٨]. چونکە بنەمای ئەدەب و، هونەر جوانییە، واتە: بەرگێکی پۆشتە و جوان بدرێت بە مەعنایەك، هەروەها نێوەرۆکیش بێ جوانی شێوە و ڕوخسار هیچ ئەرکێکی نییە، واتە: ڕوخسار و نێوەرك بە پێی مەبەستی شاعیر تەواوکەری یەکدین و، لەگەڵ یەکدیدا دەڕۆن[٩].

هەربۆیەشە ئەگەر وەك چنراوێکی زمانیش بڕوانینە شیعر، ئەوا دووبارە وشە و وێنەی هونەری ڕازاوەیە، کە سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت، بۆیە ڕوخسار زیاتر کاریگەریی لە شیعردا دروست دەکات ئەگەرچیش ڕوخسار و نێوەرۆك لە یەك جیا نابنەوە و، پێوەندییەکی تۆکمە و پتەو لە نێوانیاندا هەیە و، بە هەردووکیان دەتوانن وێنەیەکی ئەدەبی و هونەری تێر و تەسەل و، پڕ لە مانامان پێشکەش بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوخساری جوان و ڕازاوە دەتوانێت پەڵە و کەم و کورتییەکانی نێوەرۆك پڕبکاتەوە و، دابپۆشێت.

ئەوەتانێ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا کە شیعر سەلیقە و، وردەکاریی و، سەنعەت و، فێربوونە، وشەبازیی و گەمەکردنێکی زۆری بە وشە تێدا کراوە و، لە زۆر جێگەدا نرخی وێنە پێش نێوەرۆك خراوە، هەموو ئەو بایەخدانەش بۆ جوانکردنی ڕوخساری شیعری و، نیشاندانی توانست و دەستەڵات و، دەست ڕەنگینی خۆیان بووە لە شیعردا لە لایەن شاعیرانەوە، چونکە هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، کە ڕوخسارە زیاتر سەرنجی خوێنەر و خەڵك ڕادەکێشێت و، چێژ و خۆشیان پێ دەبەخشێت، وایان لێ دەکات ئەوەندە گوێ بەکەم و کورتی نێوەرۆك نەدەن.

---

(٥) هۆراس ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (حەمید عەزیز)، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی دووەم ، سلێمانی ٢٠٠٥ ، لا ٨ — ٩.

(٦) کەمال میراودەلی (د) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا) ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (قانع) ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٥ ، لا٢٨٧.

(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٦٧.

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٦٦.

(٩) حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەوی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ٢٠٠٨ ، ١٥٦.

گومانیش لەوەدا نییە، کە شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی هونەرییەوە لە شیعری نویێ و هاوچەرخ زۆر ڕەنگینتر و، گەورەترە. نێوەڕۆکەکەی هەر شتێك بێت ڕوخسارەکەی زۆر دلگیر و بەهێز و سەرنج ڕاکێشە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە شاعیر زۆرجار شتی وای گوتووە، کە ڕەنگە هەر نەی کردبێ و، باوەڕی پێ نەبێت، بەڵکو تەنها ویستوویەتی توانست و، دەست ڕەنگینی خۆی لە هەموو بوارەکانی شیعردا تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە لە کۆنیشەوە باوەڕ وابووە کە نێوەڕۆکی شیعر هیچ نرخ و بەهایەکی نابێت، کە لە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەریدا نەخرێتەڕوو و، لە گفتوگۆی ڕۆژانە دابڕ نەکرێت.

بێگومان ئەم دابڕکردنەش بە ڕازاندنەوەی ڕوخسار دێتەکایەوە هەر ئەمەشە، کە وای کردووە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بایەخێکی زۆرتر بە ڕوخسار بدەن و، دەست ڕەنگینی و، هونەرمەندیی خۆیانی تێدا بنوێنن و، لە زۆر جێگەدا نرخی وێنە پێش نێوەڕۆك (محتوى) بخەن و، بە وێنەی هونەری و وشەکاریی جۆراوجۆر و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیی شیعر برازێننەوە، لەگەڵ ئەو ماوە تەسکەش کە یەکیەتی بابەت دروستی کردووە، چونکە لە شیعری کلاسیکیدا یەکیەتی بابەت لە مابەینی دێڕە شیعردایە، بە پێچەوانەی شیعری نوێوە کە یەکیەتی بابەت بە سەر تێکڕای شیعرەکەدا دابەشبووە[١٠]. هەر لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین: کە شیعری کلاسیکی زیاتر بایەخی بە ڕوخسار و سۆز و ئەندێشەی شیعری داوە و بە وشەکاریی و وێنەی هونەری و هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژیی شیعریان ڕازاندووەتەوە. شاعیری کلاسیك ئەوەندەی گرنگی بە ڕوخسار داوە و لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە ڕوخساری جوان و، ڕەنگین بە بەر نێوەڕۆکدا بکات، هێندە لە خەمی بیر و نێوەڕۆکدا نەبووە، کە ئەمەش پێچەوانەی شیعری نوێیە، کە بایەخ و گرنگی شاعیران زیاتر بۆ بیر و نێوەڕۆکە. نالیش جوانی و ڕوخساری زۆر مەبەست بووە و، تا ڕادەی گەیاندنی دەقەکانی بە شاکار، بایەخی پێ داوە، ئەوەتا (پیرەمێرد) دەڵێت: ((لە نەزەر نالی دا شیعر ئەسڵ و غایەیە، قەت بە وەسیلەی بەکارنەهێناوە))[١١].

هەر ئەمەش وای کردووە، کە شەقڵی لاسایی کردنەوە لە شیعری کۆندا بە شێوازەوە ئاشکرا دەرکەوێت و، هەموو ئەو ئارەقەی، کە شاعیر ڕشتوویەتی لە نێو ڕازاوەیی هەڵبەستەکەدا دەرکەوێت، چونکە شاعیری تازە ئەوەندەی شاعیری کۆن لە هونەری ڕێکخستن و، گەمەکردن بە وشە و، چنینی وتەدا وەستا نییە[١٢].

شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیش وەك هەر شاعیرێکی دیکەی سەر بە قوتابخانەکەی نالیی و، وەك بڵاوکەرەوەی کڵپە و بڵێسەی ئەو قوتابخانەیە لە ناوچەی گەرمیاندا لەو پێوەر و باسانە بە دوورنین و، هەر زیادەیەك بۆ سەریان دەبێتە هۆی شێواندنیان و، دوورخستنەوەیان لە مۆرکی نەتەوەیی و، بە بەرداکردنی شێواز و بەرگی شیعری وڵاتە دراوسێ و بێگانەکانی کورد بە سەریاندا، کە لە مەودوا باس لە ڕوخساری شیعرەکانی دەکەین و، بە جیا هەریەك لە بابەتەکانی (قاڵب و قافیەی شیعرەکانی) ، (زمانی شیعری) ، (کێشی شیعرەکانی) دەخەینە بەرباس و توێژینەوە... .

---

[١٠] هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، چاپخانەی خانی ، چاپی یەکەم ، دهۆك ٢٠٠٧ ، ل٢٧١.

[١١] ئومێد ئاشنا ، شێوە و ناوەڕۆك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧ ، ل٢٠.

[١٢] هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، هەمان سەرچاوە ، ل٢٧٣.

## قاڵب و سەروای شیعرەکانی

هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە و، لای هەمووشمان ئاشکرایە، کە لە شیعری کۆندا نرخی وێنە پێش نێوەرۆك بووە و، بایەخی شاعیران بە بەراوردکردن لەگەڵ نێوەرۆك و بیری شیعری زیاتر بۆ ڕوخساری شیعری بووە و، لە بایەخی هەریەکە لە ڕوخسار و نێوەرۆکی شیعری دواین و، کاریگەرییەکانمان لە سەر بەرهەمی ئەدەبی و پێوەندیی نێوانیان خستەبەرچاو و ڕوونمان کردنەوە، جا ئێمەش ئەم بەشەی باسەکەمان بۆ خستنەڕووی هەریەك لەو قاڵبانەی کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، لەگەڵ سیستەمی سەروای هەر یەك لەو تەکنیکانە تەرخان دەکەین، چونکە یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی شیعری کلاسیك، کە لە شیعری نوێی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە شیعری کۆندا پەیڕەوی قاڵبە شیعرییەکانی غەزەل ، قەسیدە ، پێنج خشتەکی ، چوار خشتەکی ، تەرکیب بەند ، تەرجیع بەند ، چوارین ، پێنجین ....تاد. کراوە و ، دەرچوون لێیان بە عەیب و کەم توانستی شاعیر دانراوە، کە چی لە شیعری نوێدا شاعیران خۆیان لە قاڵبی شیعری ئازاد کردووە و، هیچ بایەخیان پێ نەداوە. بەڵام لە شیعری کۆندا گرنگییەکی زۆر بە قاڵب و تەکنیکی شیعری دراوە و لە قاڵبی شیعری لایان نەداوە و کەس نەیویستووە لە دابونەریتی پێشینان لابدات، غەزەل دەبووایە ژمارەی بەیتەکانی تاك بێت، قەسیدە دەبێ لە سەر یەك سەروا تەواو بێت . بۆ وشە و دەستەواژە و دەربڕینەکانیش بە هەمان شێوە دەبووایە هەر ئەوانە پێش خۆیان دووبارە کردبایەوە، واتە: دەبووایە هەروەك جاران برۆیان بە کەوان و مانگ و ، باڵایان بە چنار و ، برژانگیان بە تیر و، زوڵفیان بە تاریکە شەو....تاد. چواندبا. هەر ئەمانەش بوونەتە هۆی دەرکەوتنی لاسایی و چاولێکەریی لە نێو شاعیرانی کلاسیکدا[١٣].

شێخ ڕەزاش وەك هەر شۆڕەسوارێکی دیکەی ئەو بوار و مەیدانە ئازایانە ئەسپی خۆی تاوداوە و، سەرکەوتووانە ئەو کۆت و بەندانەی بڕیون، کە بوون بە شاعیری و سەرکەوتوویی شاعیر دیاری دەکەن و، وەك لاوچاکێکی ئەو بوارە هاتووەتە مەیدانەوە و، زمانی شیعری خۆی خستووەتەکار.

ئەگەرچی شێخ ڕەزا هەموو ئەو ژانر و بابەتانەی بەکارنەهێناوە، کە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتوون. بەڵام ئەوانەی، کە بەکاری هێناون لە قاڵبە گرنگەکان و بە شێوەیەکی وا ڕازاندوونیەوە کە هاوتایان، نەك هەر لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا کەم بەرچاو دەکەوێت.

لە ڕووی سەرواشەوە بە هەمان شێوە شێخ ڕەزا نەهاتووە، وەك هەندێك لە شاعیرانی دیکە لە سەر هەموو دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردیی شیعر دابنێت، بەڵکو تەنها ژمارەیەکی دیاریکراوی لە دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردیی کردووەتە قافیە، کە لە سەرتاپای دیوانەکەیدا ئەم دەنگانە دەبینرێن {أ ب ت د ر ژ س ش غ ڤ ك م ن و هـ ی ێ/یی}، کە ئەمانەش ژمارەیان دەگاتە نیوەی دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردیی، کە زۆربەیان بەر پیتە سادە و ئاسان و ئاوازدارەکان دەکەون، هەر ئەمەشە، کە وایکردووە شیعرەکانی زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوان بن و، لێوڕێژبن لە ڕیتم و مۆسیقا و، هیچ جۆرە زۆر لە خۆکردنێکیان پێوە دیار نەبێت و بە ئاسانی لە بەربکرێن و ببنە وێردی سەر زمانی خەڵك و، لە نێو کۆڕ و دانیشتنەکاندا بگوترێنەوە.

---

[١٣] هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، ل٢٧٠ – ٢٧٣.

وەك لای هەمووشمان ڕوونە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیش وەك دیوانی زۆربەی شاعیرانی دیکەی کلاسیك لەسەر بنەمای (ڕەوی)، کە دوا دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروایە و شیعری لە سەر بنیات دەنرێت کۆکراوەتەوە و ، چاپ کراوە.

**دیوانەکەی لە ڕووی هونەرەکانی ڕوخساری شیعرییەوە دەکرێت دابەش بکرێتە سەر ئەم بەشانە:**

**١. تاك بەیت (فەرد)**

**٢. سێین (سێینە)**

**٣. چوارین (دووبەیت)**

**٤. پێنجین (پێنجینە)**

**٥. پێنج خشتەکی**

**٦. مولەممەع**

**٧. پارچە (قطعە)**

**٨. غەزەل و قەسیدە**

بەشی زۆریان بەر فەرد و، چوارین و، پارچە دەکەون، هۆی زۆریی ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی شیعرەکانی لە پڕ بۆ هاتوون و، وەڵامی هەڵوێست و بارودۆخی نالەبار بوون، هەروەها لە بەر بچووکیان گەلێکیان ون بوون[١٤].

لێرەوە هەوڵ دەدەین، هەریەك لەو تەکنیك و سیستەمی سەروایانەی، کە شاعیر بەکاری هێناون بە نموونەی شیعرییەوە بخەینە بەرچاو:

## ١. تاك بەیت ( فەرد )

بریتییە لە دێڕە شیعرێکی سەربەخۆ، کە مانایەکی تەواوی هەیە و، بیرێکی فەلسەفی یان کۆمەڵایەتی دەردەبڕێت و، لە دوو لەت پێکهاتووە، زۆرجاران قافیەی هەردووك نیوە دێڕەکە وەك یەك دەبێت و، هەندێك جاریش هەر نیوە دێڕە قافیەی خۆی دەبێت، واتە: سیستەمی قافیەکە (AA) یاخود پەیڕەوی (AB) دەکات. ئەم بابەتە فراوانترین پانتایی دیوانی شێخ ڕەزای بۆ خۆی پاوان کردووە. لە هەموو شاعیرانی پێش و پاش خۆی زیاتر تاکی هەیە ئەگەرچیش لە بنەڕەتدا ئەم بابەتە خۆی ((دیاردەیەکی باو نییە. لەو شیعر و بەرهەمانەی لە بەر دەستدان و بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراون لە شیعرەکانی مەلای جزیری (١٤٠٧ – ١٤٨١) ، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٦) ، فەقێی تەیران (١٣٠٢ – ١٣٧٦) ...هتد. فەرد نییە))[١٥]. ژمارەی ئەم بابەتە لای شێخ ڕەزا لە سەد تاك بەرەو سەرەوەیە. زۆری ئەو ژانرە لە شیعرەکانیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم بابەتەی زیاتر بۆ وەڵامی پرسیاری کورت و هەڵوێست و دیاردەی ناپەسند و نالەباری نێو کۆمەڵ و سەرنجی پێویست بەکارهێناوە، کە زۆرجاریش هەوێنەکەی لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقەوە وەرگرتووە و، هەندێك جاریش داهێنانی

---

[١٤] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، لا٢٨٨.

[١٥] ئەنوەر قادر محەمەد ، لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی) دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) - ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، لا٩٣.

خۆیەتی و، لە دوایدا بووە بە پەند و وتەی بەنرخ[16]. بەشی زۆری ئەم بابەتانەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بەر بابەتی هەجو دەکەون، هەروەکو ئەم تاکە، کە دەڵێت:

**خواستم لـە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دووکانێ**......... A
**بـــۆ تـەجـروبە نەیدا بە من ، دای بە دیانێ**......... A

((دیوان ، لا١١٦))

**یاخود لە تاکێکی دیکەدا، دەڵێت:**

**وام ئەزانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نـابڕن**.......... A
**داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی**.......... B

((دیوان ، لا١١٩))

لە تاکی یەکەمدا پەیڕەوی سیستەمی (**AA**) و، لە هی دووەمیاندا سیستەمی (**AB**) پەیڕەوکراوە و، ژمارەی ئەو تاکانەی کە پەیڕەوی سیستەمی (**AA**)یان تێدا کراوە زۆر لە (**AB**)یەکان، کە ژمارەیان نزیکەی (١٠) دە دانە فەرد دەبێت، زیاترە.

## ٢. سێین (سێینە)

سیستەمێکی شیعری بژاردەیە و، تا ئێستا لە دیوان و بەرهەمی هیچ شاعیرێکی دیکە، جگە لە شێخ ڕەزا، بەرچاومان نەکەوتووە.

سەرەتا بیرمان بۆ ئەوە چوو، کە ئەوانی شێخ ڕەزاش پارچەیەك لە پارچەکانیان بزربووبێت، واتە: هەر چوارینە بن، بەڵام دوای وردبوونەوە و، تێڕامانی تەواو لە مانا و شێوەیان بۆمان دەرکەوت، کە تەواون و، وەبەر داهێنانێك لەم داهێنانانە دەکەون، کە شێخ ڕەزا لە سیستەم و قافیەی شیعرەکانیدا، ئەنجامی داون. ئەم سیستەمەش سیستەمێکی شیعری سەربەخۆیە و، لە سێ لەتە شیعر پێکهاتووە و، واتایەکی تەواوی هەیە و، بە پێی سیستەمێکی تایبەت بە کێش و سەرواوە دادەڕێژرێت و، دەگوترێت.

دیوانی شێخ ڕەزاش تەنیا دوو شیعری لەم چەشنەی تێدایە، کە لە هەدووکیاندا پەیڕەوی سیستەمی قافیەی (**AAA**) کراوە، کە بەم جۆرەن:

**شـــانـــازی ئـەکـەی کەوا من گونتم**......... A
**بـــەڵـــی مـــن بـە ڕۆژ تێبڕی کونتم**.......... A
**شەو تا بەیانیش دەست لە مل ژنتم** ......... A

((دیوان ، لا٧٤))

**حەمدوون پیاوێکی کوێـرە** ......... A
**قـــوونی مەقعەدی کێـرە** ......... A
**کەرکـووکـیانی پێ فـێـرە** ......... A

---

[16] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

((دیوان ، لا١٠٤))

**٣. چوارین**

پارچە شیعرێکی سەربەخۆیە و، لە چوار لەت پێکهاتووە و، کێش و سەروای تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕووی سیستەمی قافیەوە ئەم سیستەمانە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا دەبینرێت (AAAA) ، (AABA) ، (ABCB) ، (ABBB) ، بۆ نموونە:

**لە سەگم پرسی عەجەبا قەومتە حوسنی پاشا**.......A

**تووڕەبوو کلکی لەقان و وتی: « حاشا حاشا**.......A

**ڕاستی گەرچی سەگیشم بە خودا خۆم دەکوژم**........B

**ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا»**........A

((دیوان ، لا٣٨٧))

**گوو بە ڕیشی تەنکی عەبدوڕەحمان بەگی قایمقام**........A

**ئەو کە بەینێک بێ زیان بوو ، بازیان مەغرووری کرد**........B

**تاڵەبانی بوو کە سفرە و نان و خوانێکی هەبوو**.........C

**دای بە سەریا هەروەکو خەپلەی قنگی خاپووری کرد**........B

((دیوان ، لا٥٢))

**وەختی شەڕ شێرن لە بۆ دوژمن**.......A

**لە سیلما شیری پاکن بۆ خۆیان**........A

**وا بوو عاداتی ئەجدادی کیرامیان**........A

**ماوەتەوە بەم جۆرە بۆ یان**.........A

((دیوان ، لا٧٨))

**پیر کە کۆکی و نەتڕی دوورە لە مردن هێشتا**.........A

**وردە ئاهەنگی دوای کۆکە نیشانەی ئەجەلە**.........B

**پیر کە کۆکی و تڕی دەنگی وەک بارە زەلە**..........B

**شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئمووری تەلە**.........B

((دیوان ، لا٩٧))

ئەوەی لە سەرەوە خستمانەڕوو بریتی بوو لە سیستەمی سەروای چوارینەکانی شێخ ڕەزا، کەچی (د. مارف خەزنەدار) بەم جۆرە باسی قافیەی چوارینەکانی شیخ ڕەزای کردووە و، دەڵێت: ((بە زۆری لە قافیەی چوارینەدا نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم لە سەر دەنگێك دەبن ، بەڵام قافیەی نیوەدێڕی سێیەم لەسەر دەنگێکی دیکە دەبێ (ا ا ب ا) ، هەندێ جاریش هەر چوار نیوەدێڕە شیعرەکە لەسەر یەك قافیە دەبن (ا ا ا ا) ، بەڵام شێخ ڕەزا ئەگەرچی بە زۆری ئەم سیستەمەی بەکارهێناوە لە چوارینەکانیدا ، کەچی سیستەمی دیکەشی داهێناوە لە قافیەی چوارینەکانیدا ، وەکو (ا ب ا ب) ، (ا ب ج ا) ، (ا ب ب ب) ، .....))[١٧]. بەڵام لە سەرانسەری دیوانی

[١٧] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

شێخ ڕەزادا سیستەمەکانی (ا ب ا ب) و (ا ب ج ا) بەرچاو ناکەون. ڕەنگە نووسەر لەگەڵ دەنگی پاش ڕەوی لێی تێکەڵاو بووبن، چونکە ئەرکی پاش ڕەوی درێژکردنەوەی مۆسیقا و ڕیتمی شیعرە، ئەوەتانێ نووسەر خۆشی دەڵێت: ((ئەمە لە شیعردا جۆرە ڕەوانیییەکی لە مۆسیقا و ڕیتم دروست کردووە))[۱۸]، تەنانەت لە دیاریکردنی ژمارەی دانەکانی ئەم تەکنیکەش نووسەر زۆر ورد نییە و، دەڵێت: ((ژمارەیان دەگاتە دەوروبەری چل دانە))[۱۹] ڕاستییەکەشی ئەوەیە، کە ژمارەیان لە سەرووی شەست چوارین دەبێت نەك چل!

**٤. پێنجین ( پێنجینە )**

ئەویش وەکو چوارین سیستەمێکی شیعری سەربەخۆیە لە پێنج لەت پێکهاتووە، کە مانایەکی سەربەخۆی تەواوی هەیە و، بەپێی سیستەمێکی تایبەتی کێش و قافیەوە دادەڕێژرێت، لە هەموو دیوانی شێخ ڕەزادا تەنیا سێ شیعری لەم بابەتە بەرچاودەکەوێت، کە دوو دانەیان سیستەمی سەرواکەیان (AAAAA) یە و، لە دانەکەی دیکەشیاندا پێڕەوی سیستەمی (ABCBB) کراوە:

**قەومەکان بەو زاتە واحوکمی لە سەر بەحر و بەڕە**...........A
**بەرخەنێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە**...........A
**دێم بە گژیا ئەی دڕم گەر (فی المثل) شێری نەڕە**..........A
**با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە**..........A
**گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە**........A

((دیوان ، لا٩٥))

**سەر بە یەشماغی شڕ و شاقەڵی چڵکن مەهتووک**.......A
**سووڕ ئەخۆن سەرخۆش و ڕیسوا بە قوڕیات و نەتووک**........A
**تێگەیشتن کە مەلایان چەند بڵێی تۆ بە وەزن سووک**.......A
**کەبابی گۆشتی بزن فاکیهەی بەری خەڕنووک**.........A
**لە من بپرسە سەفای شارە حیزەکەی کەرکووک**.........A

((دیوان ، لا٧١))

لەم دوو پێنجینەدا پێڕەوی سیستەمی (AAAAA) کراوە و، تەنیا دانەیەکی دی لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەوێت، کە سیستەمی قافیەی (ABCBB) تێدا پێڕەوکراوە و، بەم جۆرەیە:

**لای دانا لە ناوی – ئەمین فەیزی- دا**..........A
**ئاشکرایە لە هونەری هیجادا**..........B
**نیشانەیە بۆ یەکێتیی من و تۆ** .........C
**لە ناوی نامیتا زیاد و کەمی کوا؟**..........B
**بە ئەبجەد بیژمێری لەگەڵ ڕەزادا**...........B

((دیوان ، لا١٤٣))

---

[۱۸] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

[۱۹] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٨٨.

### ٥. پێنج خشتەکی

بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر ئەو شاعیرەی، کە پێنج خشتەکییەکە دروست دەکات شاعیری دووەمە و، شیعری شاعیرێکی دیکە وەردەگرێت و، سێ نیوەدێڕ دەخاتە سەر هەر دێڕێکی شیعرەکە و، دەبێت بە پێنج نیوەدێڕ.

لە دیوانی شێخ ڕەزادا بابەتی پێنج خشتەکی کەمە، ئەوەی هەیە تەنیا دوو دانەیە ئەویش یەکێکیان غەزەلێکی (حافزی شیرازی) و، ئەوی دیکەیان شیعرێکی (مستەفا بەگی کوردیی)یە. شیعرەکەی حافز کە بە زمانی فارسییە سێ نیوەدێڕی لە پێشەوە بە زمانی کوردی بۆ زیادکردووە، کە ئەمە پارچەی یەکەمیەتی:

**مەعروفی بێ دیرایەت گـووت کردە ناو بیدایەت**
**چیت پێ بڵێم قـــورمساغ هەردوو گونم بە دایەت**
**گونمی بە تڕ شـــەهـید کرد کـێرم ئەکا ڕیعایەت**
**«زان یـــار دلـــنـــوازم شـــکـریـست با شکایت**
**گـرنگتەدان عشقی خـــوش بشنو این حــکـایت»**

((دیوان ، لا٤٥))

**دڵـــی بـــردم بە ناز و عیشوە دیـسان شۆخی عەییـاری**
**فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەحـحاری**
**لـە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کـوا مەدەدکـــاری**
**«ئەمان مردم عیلاجێ ســا لـە ڕێی پێغەمـبەرا چــــاری**
**ویساڵ یا قەتڵ یا تەسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کـاری»**

((دیوان ، لا١١١))

ئەمە پارچەی یەکەمی ئەو پێنج خشتەکییەیە کە لەسەر شیعری (مستەفابەگی کوردیی) دروستی کردووە و، سەرجەم پێنج خشتەکیەکەش لە حەوت پارچە پێکهاتووە تەنیا بەشی یەکەمی هەموو نیوەدێڕەکانی یەك سەروایان هەیە (AAAAA)، دەنا لە شەش بەشەکەی دیکە پێڕەوی سیستەمی (CCCCB) کراوە، چونکە سیستەمی سەروای غەزەلەکەی کوردیی بەم جۆرەیە (AABACADAEAFAGA) لە پێنج خشتەکییەکەی دیکەشدا، کە لە سەر غەزەلێکی (خواجە حافزی شیرازی) دروستی کردووە و، لە سەرەوە پارچەیەکمان لێ تۆمار کرد. هەمان سیستەمی قافیە پێڕەوکراوە سەرجەمیشی لە شەش بەند پێکهاتووە.

### ٦. مولەممەع

ئەو شیعرەیە، کە بە زیاتر لە زمانێك ڕێك دەخرێت. شێخ ڕەزاش بە حوکمی ئەوەی، کە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی زانیوە کۆمەڵێك دەستەواژە و، ڕستە و تەعبیری خستووەتەوە نێو شیعرەکانییەوە، کە هەندێکجار بە نیوەدێڕی تەواو دەبینرێت، هەندێك جاریش ڕستە و تەعبیری زمانە بێگانەکان لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە شیعری (**عەشیرەتی جاف**)دا لە بەشی کۆتایی شیعرەکە دوو

نیوەدێڕی عەرەبی بە دوای یەکدا و، دوای دێڕێکی تەواو بە زمانی کوردی، نیوەدێڕێکیشی بە فارسی گوتووە، کە بەم جۆرەیە:

**وابیٚ خەم و پـەروا دەچنە عەرسەیـی هەیجـا**

**تـۆ نـاچییە سـەر دۆشەکی بووکیٚ لە زەفافـا**

**یبغـــون الی الامـر صـغـــــاراً و کـــبــاراً**

**یـســــعـــون الی الـــحــرب ثـقـالاً و خفافاً**

**وەسمان بەگـیـان ئامیرە وەختی کە بڵیٚ دەی**

**دێتە جـەوەلان هەروەکو حــاجی لە طـەوافـا**

**خواهم زخدا انکە شـود دشـــمـــن جـاهت**

**کۆتی لـە دەسا، دەس لە مـلا، مل لە تەنافا**

**ڕەحـمیٚ بکە با شێخ ڕەزا بێتــەوە گـوفـتـار**

**حەیفــە بڕزیٚ تیغی مجەوهەر لە غــیـــلافـــا**

((دیوان ، لا۳۳ – ۳٤))

هەڵبەت شیعرە عەرەبی و فارسییەکەش هـەر ئـی خۆیـەتی، کـە لـە ڕووی ڕوخسـار و نێوەڕۆکـەوە جوانیی و ڕەنگینییەکی تایبەتییان بە شیعرەکە بەخشیوە.

یان لە تاکێکدا (بین الاهالی) خستووەتە نێو شـیعرەکەیەوە، کـە ڕیتمێکـی خۆشـی بـە شـیعرەکە بەخشیوە و، هەردوو نیوەدێڕەکەی هاوسەروا کردووە.

**وەها مەشهوور بووە (بین الأهالي)**

**هــەتیوی تەکیەکەی خۆمانە والی**

((دیوان ، لا۱۱٦))

لە پارچە شیعرێکی دیکەشدا لەتێکی فارسی گوتووە:

**خــادیمی ســـوجـــــادەیی پێغەمبـەری**

**کەشتی جوود و سەخارا لـــــەنـــگـــەری**

**( اغــنـیا خــواهــنـد از انـعـــام تـــو )**

**سینی شــــەکـــراو و پـلاو دوو لەنگـەری**

**ئەو کەسەی خوانی لە بۆ دیٚ سوبح و شام**

**چی لـــــە ئـێـمـە زیاتر غەیـرەز کەری**

((دیوان ، لا۱۱٤ – ۱۱٥))

لە شـیعری (**کـوڕێکی بولغـار**)[۲۰]یشـدا، کـە قەسـیدەیەکی درێـژی (۲٤) دێڕییـە هـەر لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی کۆمەڵێك لەتە شیعر و وشـە و دەسـتەواژە و ڕسـتەی فارسـی و تـورکی بـەکارهاتووە، ئێمـە لێـرەدا لەبـەر درێـژی شیعرەکە و، کەمی ماوەی باسەکە شیعرەکە تۆمار ناکەین. گومانیش لەوەدا نییە کـە شـاعیران ئـەوەیان تـەنیا بـۆ

[۲۰] بۆ ئەم شیعرە ، سەیری دیوانی شاعیر (لاپەڕە ، ٥۳ – ٥٤) بکە.

دەرخستنی توانست و لێزانینی خۆیان کردووە، چونکە ((هەر وەك چۆن کۆمەڵێك مەرجی پێش کات بۆ شاعیر دانراوە، گەلێك سنوور و نەخشە بۆ خولقاندن دانراوە. وەك ئەوەی شاعیر.... دەبێت چەند زمانێك بزانێت و وشەی ئەو زمانانە لە بەرهەمی خۆیدا تێکەڵ بکات))[٢١].

### ٧. پارچە (قطعه)

بەو شیعرانە دەگوترێت، کە لە سێ تا پێنج دێڕ پێکهاتوون، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە، کە سیستەمی قافیەی پارچەکانی شێخ ڕەزا، وەکو غەزەل و قەسیدە دێڕی یەکەمیان هاوسەروایە[٢٢]، کە شیعری لەم جۆرە لای شاعیرانی دیکە نابینرێت، چونکە یەکێك لەو جیاوازییانەی کە پارچە لە غەزەل و قەسیدە جیادەکاتەوە ئەوەیە ، کە دێڕی یەکەم لە پارچەدا هاوسەروا (موسەڕڕەع) نییە[٢٣]، بەڵام شێخ ڕەزا داهێنانی کردووە و، ئەم سیستەمەی لە شیعرەکانیدا پێڕەو کردووە.

شێخ محەمەد عەلی و چەند نەفەرێ چووینە ئـــوچـــاغ.......A
گشت بە کەیف و بە نیشات و بە سروور و بە دەمـاغ........A
گەرچی چەند ڕۆژی بوو تەعلیمی تفەنگــبازیی دەکـرد........B
ڕۆســـتـــــەم ئـــاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلە بیجاغ........A
هەر کە ئەنگاوتی وتم: دەك دەس و بازووت نـــەڕزێ.........C
هەر کەسێك پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قورمـــساغ........A

((دیوان ، لا٦٨))

لە شیعرەکانی دیکەشدا هەمان سیستەمی قافیەی پێڕەو کردووە:

دەردی لۆقەی گرت لە ناکاو شێخە توهمەت کـــارەکە........A
ئـــەو قەیافەت حیزەکەی هەیئەت وەکو کەمتیارەکــە........A
قۆخ وەهای لێ کرد لە جێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد.......B
شـــێخەکەی دەم چەوتەکەی لچ گێرەکەی لێو خوارەکـە.......A
کــــــوردە بـــــێ ناموسەکەی گۆرانە قورمساغەکـەی.......C
حیزەکەی ، بێ دینەکەی ، کەربابەکەی ، بێ عـارەکـە........A

((دیوان ، لا٩٤))

---

[٢١] زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم (بژارکراو) ، هەولێر ٢٠٠٢ز – ٢٧٠٢کوردی ، لا١٧١.

[٢٢] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٨.

[٢٣] موحازەرەکانی (م. یادگار ڕەسووڵ محەمەد ئەمین) ، ئەدەبی کۆن ، قۆناغی دووەم ، کۆلێژی زمان / قەڵادزێ ، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧.

شیعری لەم بابەتە لە دیوانی شێخ ڕەزادا زۆرە و، لە هەموویاندا پێڕەوی سیستەمی قافیەی (AABACADA......) کراوە، بە پێچەوانەی شیعری شاعیرانی دیکەوە، کە پێڕەوی سیستەمی (ABCBDBEB........)یان کردووە، ئەمەش بە جۆرێك لە داهێنان لە شیعرەکانیدا هەژمار دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا وەك شاعیرانی دیکە پێڕەوی سیستەمە بلاّوەکەشی کردووە و، شیعری لەم بابەتەشی نووسیوە، ئەوەتا شیعری (**عیللەتی قائیم مەقام**) سیستەمەکەی بەم جۆرەیە:

**ڕەبی قەت تووشمان نەهێنی عیللەتی قائیم مەقام**........A
**ئێمە تابی حەرب و زەربی کێری پاشامان نییە**........B
**هەر کەسێ بیگێ دەڵێ ئەی ئافەرین سەد ئافەرین**........C
**دوژمنی ساداتە قەت باکی لە دان و مان نییە**.......B
**دوو هەزار کێری پیارۆیی نەخارا مەقعەدی**......D
**ئێمە میرم مەترەقی وەك سەنگی خارامان نییە**.......B
**بیکوژن کێرخۆرە نامووس و حەیای کوردانی برد**........E
**قەت لە کوردانا دەڵێی پیاوێکی ئازامان نییە**.......B

((دیوان ، لا٩٣))

### ٨. غەزەل و قەسیدە

باقی شیعرەکانی دیکەی بەر بابەتی غەزەل و قەسیدە دەکەون، ئەوانەی کە ژمارەی دێڕەکانیان لە نێوان حەوت تا (پازدە یان هەژدە) دێڕدایە پێیان دەگوترێت غەزەل و، ئەوانەشی کە لە سەرووی پازدە یان هەژدە دێڕەوەن بەر ژانری قەسیدە دەکەون[٢٤].

هەرچی غەزەلە زیاتر باس لە ئەڤین و دڵداری دەکات:

**نیمە[*] بۆ تەسویری ئەبرۆت پەیڕەوی مانی دەکا**
**شانە بۆ زنجیری زوڵفت عەنبەر ئەفشانی دەکا**
**قووتی ڕوحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نییە**
**مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوممانی دەکا**
**خاڵی سەر لێوت نگین و خاتەمی نادر ظهور**
**موهری دەستی ئاصەفە حوکمی سولەیمانی دەکا**
**دڵ لە نەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت لایعقل- ە**
**بۆ کەبابی جەرگی من لێوت نمەکدانی دەکات**

(٢٤) مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٨.

(*) پێدەچێت ئەم وشەیە (خامە) بێت، لە دیوانەکەیدا بە (نیمە) نووسرابێت.

**بەرگی سەرتاپام پەلاس بێ گەر بە شەرتێ تۆم ببێ**
**تاری ئەو بەرگە لە لام سەد شاڵی کرمانی دەکا**
**سەد هەزار جار دەخیلم حەرفی بەدکار مەشنەوە**
**هەرچی دەربارەم بڵێ بێ پیرە شەیتانی دەکا**
**گەر لە پەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتە گوێ**
**بولبولی شیرین زوبان مەیلی غەزەلخوانی دەکا**
**کەس نییە ئەو شۆخە حاڵی کا لە سۆزی ئاتەشم**
**وا ڕەزا دیسان لە عیشقی هەر غەزەلخوانی دەکا**

((دیوان ، لا٣٧٧))

لەو غەزەلە و لە سەرجەم غەزەلەکانی دیکەی نێو دیوانی شێخ ڕەزا پێڕەوی سیستەمی قافیەی (**AABACADA……**) کراوە.

لە بابەتی قەسیدەش شێخ ڕەزا چەند قەسیدەیەکی درێژی هەیە، کە بۆ هەجو و گێڕانەوەی بە سەرهاتی ژیان و ڕووداو بەکاری هێناون بە تایبەتی قەسیدەی (**هەجووی کاکەیی**)[٢٥]، کە (٦٠) شەست دێڕە شیعرە، هەروەها بە قەسیدەیەکیش (**سەرگوزەشتەی خۆی و هەجوی شێخ غەفوور**) دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

**ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووك سەفەرم کرد**
**مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد**
**گەردوون سنەکی کردم و هێنامییە کۆیە**
**میوانی لە کن مامە غەفووری لە جەرم کرد**
**خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سەیاحەت**
**نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم کرد**
**دانیشێ نەچێ من کچی خۆم مارە دەکەم لێی**
**ئەو تالیبی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد**
**چرووسا لە بەرم جوببە و فسا لە سەرم فێس**
**نەفێسی لەسەر نام و نەجوببەی لە بەرم کرد**
**شەش مانگە بەم قسانە گلی دامەوە لای خۆی**
**نەمزانی ملم بشکێ تیاچووم زەرەرم کرد**
**وەڵڵاهی دەکەم دەرهەقی ئەو بەڵکو زیاتر**
**ئەو کارە کە دەربارەی ڕەشیدی پسەرم کرد**
**کارم تەڕ ئەبێ ئەموت ئەگەر لوتفی ببێ مام**

[٢٥] بۆ ئەم شیعرە ، سەیری دیوانی شاعیر (لاپەڕە ، ٥٨ - ٦٣) بکە.

ئـــەی لایـــقـــی ڕیشی بـــە خودا کاری تەڕم کرد
بۆ موجتەهیدان گەرچی جـــەوازی نـــیـــیە تەقلید
من موجتەهیدم و هاتم و تەقلیـــدی کـــەرم کـــرد
ئەی گووی خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لـــەم مـــەرحـــەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد
هەرچـــەنـــدە وتـم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یا ڕەب لەگەڵ شـێخ عـــەلی بـــۆچی شـەڕم کـرد
هـــــەر دەچـــمەوە لای گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان
ئـــەو خـــوێـڕییە بێکـارە کە من لێرە دەرم کـرد
هـەرچەندە ڕەزا باعـــیـــسی بەدنامییە عـەودەت
لـــەم ســـووکی و بـەدنامییە سەرفی نەزەرم کرد
((دیوان ، لا٤٩ – ٥٠))

لەو قەسیدە و لە هەموو ئەو قەسیدانەش، کە لە دیوانی شاعیردا بەرچاو دەکەون پێڕەوی سیستەمی قافیەی (AABACADA.......) کـراوە، دەبـێ ئامـاژەش بـۆ ئـەوە بکـەین، کـە هـەردوو ژانـری غـەزەل و قەسـیدە لـە دیوانەکەیدا بە ژمارە لە شیعرەکانیدا لە جۆرەکانی دیکە کەمترن، هۆی ئەمـەش وەك پێشـتر باسـکرا، بـۆ زۆریـی جۆرەکانی دیکە و، هۆکارەکانی زیادبوونی ئەو جۆرانە دەگەڕێتەوە.

## بەشی دووەم
## زمانی شیعری شێخ ڕەزا

### زمـانی شـیـعریی

شیعر وەك لقێکی گرنگی زانستی ئەدەب، بە هۆی زمانەوە بنیات دەنرێت و، دێتـە بەرهـەم ((بایەخـدان بـە زمانی شیعر و جیاکردنـەوەی لـە زمـانی ئاسایی خـەڵك و دیـارکردنی سروشـت و خاسـیەتە تایبەتییـەکانی ئـەو زمانـە هـەر لـە کۆنـەوە لـە لایـەن ئـەفلاتوون و ئەرسـتۆوە بـاس کـراوە و لێـی توێژراوەتـەوە، ئنجا ئـەو بـاس و توێژینەوانە لەگەڵ سـەرهەڵدانی قوتابخانـە ئـەدەبی و ڕەخنەیییـەکان پـەرەیان سـەندووە و فـراوان بوونـە))[٢٦]. چونکە ئەگـەر زمـان لای خـەڵك شـتێکی گشتی ڕۆژانـە بێـت و، تـەنها بـۆ ڕاپەڕانـدنی کـاری ڕۆژانـە و، لـە یـەکتر گەیشتن بەکاربێت، ئەوا زمان لە شیعردا سروشتێکی دیکە وەردەگرێت و، ئـەرکی شـاعیر بەرزکردنـەوەی زمـان دەبێت لە شێوە گشتییەکەیەوە و، بایەخدان بە لایەنی هونەریی و، بـەکارهێنانی هێمـا دەبێتـە ئـەرکی شـاعیر[٢٧]

---

[٢٦] پەرێز سابیر (د) ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسـەلەی نوێکردنـەوەی شـیعر ، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس ، چـاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠٦ ، لا٢٨١.

[٢٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٨٥ ، ٢٨٤.

بە واتایەکی دیکە ((شاعیر شتە ئاساییەکان دەهێنێت و پارچە پارچەیان دەکات و شتی جوانتریان لێ دروست دەکات، ئەمەش تەنها بە وشە و زمان دەکرێت لە ڕێگەی ڕەوانبێژی و لادانی زمانییەوە...))[٣].

ئەگەر بشمانەوێت ((زمان گیانێکی تازە وەربگرێت، دەبێت گرنگی بە زمانی شیعر بدرێت، چونکە زمانی شیعر شۆڕشێکە لە دژی چەند واتایی و سۆز لە زمانی ڕۆژانەدا))[٤].

لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك تایبەت و، تایبەتمەندی زمانی شیعری لەگەڵ ئەرکەکانی بخەینەڕوو:

١. یاریکردن بە وشە و، لادان و زیاد و کەمکردنی وشە و، دەنگ گۆڕکێی پیتەکان، لە پێناو جوانکردن و، ڕێکخستنی کێش و قافیەدا، کە ئەمانە زۆرجار لە زمانی ڕۆژانەدا ڕێیان پێ نادرێت و، بە لادان لە دەستوور هەژمار دەکرێن.

٢.زمانی شیعریی بریتییە لە ((ڕووی دراوێك و مۆسیقا و وێنەش ڕووەکەی تریەتی کە جوانییەکان دەدۆزێتەوە و، دەیخاتە بەرچاو و هەستمان))[٥].

٣. شاعیران زمان وەك کەرەستە بەکارناهێنن، بەڵام لە پەخشاندا زمان وەك کەرەستە بەکاردێت، واتە: وشە لە نێو پەخشاندا پاش ئەوەی بەکاردەهێنرێت لەنێو دەچێت و، دەکرێتە قوربانی چەمك و بیر. کەواتە دەتوانین بڵێین : کە وشە لە نێو شیعردا کەرەستە نییە بۆ گەیشتن بە شت، بەڵکو خۆی شتە نەك هێما[٦].

٤. زمانی شیعر زمانێکی ڕاستەوخۆ نییە، واتە: شیعر ئەوەیە، کە شاعیر شتێك بڵێت و، شتێکی دیکەی مەبەست بێت، لەبەر ئەوەی ((شیعر زمانێکی تایبەتی هەیە و لەئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتییانەی زمانەوە دروست دەبێت، بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ و دوورکەوتنەوە لە شێوازی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و گەیاندنی مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان بەپێی توانست و دەسەڵاتی شیعری شاعیر))[١].

٥. زمانی شیعر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و تەواوکەرانەی بە ڕەوانبێژییەوە هەیە و، هەردووکیان پێکەوە پەیوەستن و، لە نێو یەکدا ڕۆچوون، هەر بۆیەشە ئەو گرنگیدان و بەکارهێنانەی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیی، کە لە شیعردا بەرچاومان دەکەوێت، لە زمانی ڕۆژانەدا نییە و، نابێ هەشبێت، چونکە دەبێتە هۆی لێڵی واتایی و، ئەرك لە سەر خوێنەر و گوێگر، بە واتایەکی دیکە ((زمانی شیعریی بە هۆی جوانکاریی و ڕازاندنەوە و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی وەکو لێچواندن و خواستن لە زمانی ئاسایی جیادەبێتەوە))[٢].

٦. لە زمانی ڕۆژانە و ئاساییدا پیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو، پێوەندییەکی جێگیرە، بۆ نموونە: (نێرگز) لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، دەلالەتە لە هێما بۆ کراوێکی تایبەت و، دیار ، کە: گوڵێکی بەهارییە. ئەم دەلالەتەش

---

[٣] محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي ، ط١ ، بغداد ١٩٩٣ ، ص ١٥٥.

[٤] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە ، دار السبيريز للگباعە والنشر ، دهۆك ٢٠٠٨ ، لا٥١.

[٥] ئاری صبحی أحمد ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، نامەی ماستەری پێشکەش کراو بە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٦، لا٥٨.

[٦] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ، هەمان سەرچاوە، لا٥٤ — ٥٥.

[١] پەرێز سابیر ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ، ٢٨٧.

[٢] الفت كمال الروبي (د.) ، نظرية الشعر ، بيروت ٢٠٠٧ ، ص١٧٩.

لەسەر پێوەر و بنەمایەکی تایبەتی دانەنراوە، دەتوانرا وشەیەکی دی لە شوێنی ئەو دابنرێت. بەڵام لە ئـەدەب و شیعردا وانییە، کاتێك نێرگز بەکارهات ، واتای چاو و، چاوی جوان دەگەیەنێت[٣].

٧. زمـانی شـیعر سەرچـاوەکەی زمـانی ئاخـاوتنی ڕۆژانەیـە و، بـە شـێوەیەکی هونـەریی بـەکاردەهێنرێت، بـەڵام ناکرێـت زمـانی شـیعر بکرێتـە سەرچـاوە بـۆ ئاخـاوتنی ڕۆژانـە، چـونکە (( زمـانی شـیعری ئەوەنـدەی زمـانی بەدیهێنانە، هێندە زمانی دەربڕین نییە))[٤].

٨. لە زمانی شیعردا شاعیر هـەردەم لـە هـەوڵی ئەوەدایـە ئـەو وشـانە بـەکاربێنێت، کـە بـە یەکـەوە دەگـونجێن و، ئاوازێکی خۆش و، مانایەکی ڕەنگین بە دێڕە شیعرەکە دەدەن، واتە: شـاعیر وشـە دەکاتـە قوربـانی ئـاواز و کێشـی شیعریی، هەر ئەمەشە وای لە زۆر کەس کردووە ((بە هەڵە لـەو بـاوەڕەدان کـە شـاعیر بـەردەوام بـە دوای وشـەی جوان و بە شکۆدا دەگەڕێت لە کاتێکدا ئـەوەی کـە شـاعیر بـە دوایـدا، دەگـەڕێت بـە مانـاترین وشـەیە))[٥] لەگـەڵ وشەی ڕەسەن و خۆش و بە ئاواز.

٩. ((ئەرك و پەیامی زمانی ئاخاوتن و زمانی شیعر لە یەکدی جیان. ئەگەر خەڵك ڕۆژانە بۆ تێگەیاندنی یەکدی هەوڵبدەن وشە و زاراوە و ئاماژەی وا بەکاربێنن، کە بە ئاسانی بتوانن کەسی بەرامبەر حاڵی بکـەن، ئـەوا شـاعیر مەبەستی نییە بەهۆی شیعرەوە کەسی بەرامبەر یان ئەو کەسەی، کە شیعرەکەی دەخوێنێتەوە بە ئاسـانی حـاڵی بکا و پەیامەکەی پێ بگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا بۆی بکرێ دەیەوێ تووشی ڕامان وماندووبوونی بکا. کاتێك شاعیر توانی خوێنەر تووشی ڕامان و سەرسوڕمان بکا، ئەوا کردەی شیعریەتی ئەنجامداوە))[٦].

١٠. ((زمـانی شیعر زمـانی وێنەکێشانی چـڕ و خـەیاڵی تیـژی بنیاتنـەرە))[٧] بـەو واتایـەی زمـانی شـیعر هەسـت بزوێنە و، کاردەکاتە سەر هەست و سۆزی خوێنەر و گوێگر و، فێنکی و چێژ بـە دڵ و دەروونیـان دەبەخشـێت و، کاردەکاتە سەر هۆش و هەستیان و، لەزەتێکی ڕوحیان پێ دەدات و، کار لە هەڵسوکەوت و بیریان دەکات.

١١. تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعری ئەوەیە کە ((لە کێشەکانی ڕۆژانەی ژیانەوە سەر هـەڵنادات، بـەڵکو لە ویژدانێکی قووڵەوە سـەر هەڵـدەدات))[١] بـەو واتایـەی هەسـتی پـەنگخواردووی شاعیرە بەرانبـەر بـە ڕووداو و کارەساتەکان، نەك وێنەی فۆتۆگرافی ئەو ڕووداو و کارەستانە.

ئـەوەی لـە سـەرەوە خستمانەڕوو گـرنگترین خاسـیەت و، سروشـت و، بنـەماکانی زمـانی شـیعریی و، ئـەرکی شـاعیران بـوون، جا ئەگـەر وشـە و مـوفرەدات و زمـانی شـیعریش ئەوەنـدە بایەخـداربن و، ئـەو ئەرکـە گرنگانـە ببیـنن، لای هـەموو کـەس هـەروا بـە ئاسـانی دەسـتگیر و دەسـتەمۆ نـابن! چـونکە دەوڵەمەنـدیی لـەو بـوارەدا (مەلە)یەکـە و، بـە هـەموو کـەس ناکرێـت، بۆیـە زەمینـە خۆشـکردن و چوونـە ئـەو دونیایـە و ، شـارەزایی لـێ پەیـداکردنی، چەنـد هـۆ و مـەرجێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، لەوانـە: خێـزان و شـوێن و دەوروبـەر و، جـۆری پـەروەردەبوونی شاعیر لەگەڵ جۆری خوێنـدن و خوێندنـەوەی بـەردەوام و خـۆ هیلاککردنـی شـاعیر، هـەروەها

---

[٣] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە ، لا٥٥.

[٤] محمد العبدحمود (د.) ، الحداثة في الشعر العربي المعاصر (بيانها ومظاهرها) ، الطبعة الأولى ، بيروت ـ لبنان ، ١٩٦٦ ، ص١٧٠.

[٥] لۆرانس پیرین ، شیعر چییە؟ ، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو ، چاپخانەی پیرەمێرد ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، لا٣٠.

[٦] عومەر میراودەلی ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٨ ، لا٣١٢.

[٧] عبدالقادر الرباعي (د.) ، جماليات المعنى الشعري ، الطبعة الأولى ، دار الفارس للنشر والتوزيع ، عمان ، ١٩٩٩، ص١١٠.

[١] طاهر أحمد مكى ، الشعر العربي المعاصر ، دارالمعارف ، مصر ، ١٩٨٠ ، ص٧٦.

وردیی لە بەکارهێنان[٢] و گەشت و گەڕان و ئەدەبی فۆلکلۆریی و وەرگێڕان و زمان فێربوون و دەیان هۆی دی، دەبنە سەرچاوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو گەنجینەیە و، کاردانەوەی ڕاستەوخۆ و ، چاکیان لەسەر بەرهەمی شاعیر دەبێت.

جا ئێمە لێرەوە دەچینە سەر بابەت و، مەبەستی سەرەکی باسەکەمان، کە زمانی شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، وەك شاگردێکی زیرەکی قوتابخانەی بابان و، گەیەنەری کڵپە و بڵێسەی ئەو قوتابخانەیە بە ناوچەی گەرمیان.

زمانی شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە سەر بنەمای ئەو قوتابخانە شیعرییە دامەزراوە، کە (نالیی و سالم و کوردیی) بناغەکەیان داڕشتووە ((زمانی شیعر بە دیالێکی کرمانجی خواروو، بناغەکەی نیمچە دیالێکتی ناوچەی سلێمانی بوو کە بە کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەتەوە دراوسێکان، بە تایبەتی ــ فارسی و عەرەبی ـ ببووە زمانێکی کوردی تیکەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرمۆفۆلۆجی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا داڕێژرابوو))[٣].

ئەگەر خاسیەتێکی دیاری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی ناوچەی سلێمانی ئەوەبێت، کە لەگەڵێ ڕووەوە کاریگەریی ئەدەب و، زمانی عەرەبی و، فارسی و، تورکی پێوە دیاربێت، ئەوا کاریگەریی زمانی عەرەبی زۆرتر بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بە نسبەت زمانی فارسیش، ئەوا دەتوانین کاریگەرییەکەی بە ((هۆکارێکی ئەدەبی ناو ببەین، چونکە ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردی ئەو سەردەمە لەبەر نزیکی هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە یەك، خوێندنەوە و نووسینی فارسییەکەیان زۆر بە لاوە ئاسان بووە و زوو فێری دەبوون))[٤].

هەرچی کاریگەریی زمان و، ئەدەبی تورکیشە، ئەوا ((هۆکارێکی سیاسی هەبووە، بەو پێیەی کە کوردستانی خواروو لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی عوسمانییەکاندا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی ئەمان لە زمانە شیعرییەکەدا زۆر بە کەمی هەستی پێ دەکرێت، چونکە لە لایەکەوە زمانی کوردی و تورکی سەر بە یەك خێزانی زمان نین (وەك کوردی و فارسی) لە لایەکی تریشەوە زمانی تورکی زمانی خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیری نەبووە لەو ناوچەیەدا....))[٢٨].

کەواتە زمانی شیعری ئەم قوتابخانەیە، زمانێکی کوردی تێکەڵە لە وشە و گوزارشتی عەرەبی و، فارسی و تورکی و، بە پلەی یەکەمیش زمانی فارسی، ئنجا عەرەبی و، دواتر زمانی تورکی کاریگەریی هەبووە. ئەم تێکەڵییەش بە ئاشکرا لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە شێخ ڕەزا شارەزایی لە هەر چوار زمانەکەدا هەبووە و، بە هەر چوار زمان شیعری گوتووە و، شیعرەکانی لە هەر چوار زماندا زۆر ڕەوان و تەڕ و پاراون، لە ئەنجامدا گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووی وشە و دەستەواژەی ڕەنگینی بۆ دروست بووە، بۆیە دیوانەکەی پڕە لە وشە و موفرەدات و، زاراوەی کۆن و نوێ، لە چۆنیەتی داڕشتنی دێڕەکان و، ڕێکخستنی مۆسیقا

---

(٢) عەبدوڵڵا خدر مەولوود (د) ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، ل١٣٣.

(٣) هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، ل٢٧٧.

(٤) جەبار ئەحمەد حوسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ — ١٩٧٠) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، ل١٢١.

(٢٨) جەبار ئەحمەد حوسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ — ١٩٧٠) ، ل١٢٢.

و، ئاوازی دێڕەکانیش، هونەرمەندیی و وەستایی شێخ ڕەزا ئاشکرا دەبێت، کە هەرگیز بۆ وشە نەگەڕاوە و، خۆی بۆ ماندوو نەکردووە.

دیوانی شێخ ڕەزا، ئەم چەند بابەتە سەرەکییە و زۆری دیکەشی گرتووەتەخۆ:

١. ناوهێنانی دەیان کەس و، شاعیر و، عەشیرەتی ناودار و، فەرمانبەر و، کاربەدەستانی ئەوکاتە و، ناودارانی مێژوو.

٢. ناوهێنان و باسکردنی چەندان ناوچە و، گوند و شاری کوردستان.

٣. ئاماژەبۆکردن و دەرخستنی، دەیان ناو و زاراوە لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکە.

٤. تۆمارکردن و، ناوهێنانی ناوی دەیان ئاژەڵ و، پەڕەور و باڵندە.

٥. تۆمارکردنی چەندان ڕووداوی مێژوویی و، بە سەرهاتی کۆن.

٦. ناوهێنان و باسکردنی ئەندامی نێرینە و مێینە و، باسکردنی کرداری سێکسی نێوانیان و، کاری نێربازیی.

٧. نموونەی تێهەڵکێش کراو و، ئاماژەکردن بۆ ئیدیۆم و، پەندی پێشینان لە دیوانەکەیدا زۆرە.

٨. ژمارەیەکی زۆر، وشە و جنێو و قسەی بازاڕیی نێو خەڵکی بەکارهێناوە، کە نموونەیان لە هیچ دیوانێکدا نییە.

٩. ناوهێنان و باسکردنی جۆر و چەشنە جیاجیاکانی گوڵ و سەوزە و دانەوێڵە و ناوی میللەت و کاتەکان... .

ئەمانە و ، چەندان بابەتی دیکە، لە نێو دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەون، لە سەرجەم نێوەرۆکی شیعرەکانیدا، لە ڕووی زمان و موفرەداتی شیعریش، وشەکانی دیوانی شێخ ڕەزا دوو جۆرن:

**یەکەم: وشەی کوردیی**

**دووەم: وشـــەی بـێگانە**

**یەکەم: وشەی کوردیی**

زمانی کوردیی زمانی زگماکی شاعیر بووە و، شاعیریش لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و، خوێندەوار پەروەردە بووە و، لە حوجرە و مزگەوتەکاندا خوێندنی تەواو کردووە و، هاتوچۆی مزگەوت و خانەقا و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کردووە و، خۆشیان وەك بنەماڵەیەکی خاوەن دەستەڵات و، ناسراوی شێخانی تاڵەبانی خاوەنی تەکیە بوون. زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و، سەفەری وڵاتانی کردووە و، شارەزاییەکی باشی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا پەیدا کردووە، هەروەك لە شیعرەکانیدا ئەم شارەزاییە ڕەنگی داوەتەوە. زانستە ڕێزمانییەکانی ئەو سەردەمەشی زۆر باش زانیوە. هەموو ئەمانە بە یەکەوە گەنجینەیەکی زمانی پوختەیان بۆ شێخ ڕەزا دروست کردووە.

بە یەکەوە بوونە ڕێخۆشکەر بۆ وردبوونەوە و، قوڵبوونەوەی شاعیر و، ڕازاندنەوەی شیعرەکانی، هەروەك مامۆستا (هێمن)ی شاعیر باسی زمانی شێخ ڕەزا دەکات و، دەڵێت: (( ئای ... زۆر ، زۆر ... بە ڕاستی ڕەوانە .... تەعبیری کوردانەشی هێناوەتە ناو شیعری خۆیەوە، کە لە پێش ویدا دیارە لە شیعری نالیدا کەم تا کورتێك دەبینرێت....))[٢٩].

---

[٢٩] هەواری خاڵی ، سەرجەمی نووسینی هێمن ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠٦ ، ل٢٧٧.

هەروەها د. مارف خەزنەداریش بەم جۆرە باس لە زمانی شیعریی شێخ ڕەزا دەکات و، دەڵێت: ((زمانی شیعری شێخ ڕەزا ئاسانە، وشە و تەعبیری قورسی کلاسیکی هەیە، ..... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی ئەمە دیاردەیێکی گرنگە لە شیعری شێخ ڕەزادا، واتە زیاتر هۆگری زمانی میللی سەر زار و ئیدیۆم و قسەی نەستەقی ناو خەڵکە))[٣٠].

**دووەم: وشەی بێگانە**

ئەگەر مەرجی زانینی زمانێکی بێگانە، یان زیاتر، یەکێك بووبێت لەو مەرجانەی، کە سەرکەوتوویی شاعیر و، بنەمای بە شاعیر بوونیان سەلماندبێت. ئەوا شێخ ڕەزا هەر زوو هەستی بەم ڕاستییە کردووە و، ئازایانە ئەسپی خۆی لە بواری هەریەکە لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی، وێڕای زمانی کوردی تاوداوە، شارەزاییەکی باشی لە یاسا و دەستووری ئەو زمانانە پەیداکردووە، بۆیە دەبینین وشە و زاراوەی هەر سێ زمانی زۆر بە چاکی و، شارەزایی بەکارهێناوە و، هەندێك جاریش، بە هۆی شارەزایی لە ئاییني ئیسلام، ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەری خستووەتە نێو شیعرەکانییەوە. بە هەر چوار زمانەکە شیعری گوتووە، لەو زمانانە کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە و ڕستەی یەکجار زۆریی بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە بۆ هەر زمانێك چەند نموونەیەکی کەم لەو وشە و دەربڕینانە تۆمار دەکەین:

- **زمانی فارسی**: **بە کودەکی ، فراز ، دەهەن ، دونبال ، سورین ، فەرخوندە ، کارزار ، زەربولەسەل ، زێبا ، نگین ، پسەر... .**
- **زمانی عەرەبی**: **في المثل ، ولا تلقوا بایدیکم ، بین الاهالي ، أنا الحق ، حبل المتین ، قل أعوذ ، دفع البلا ، لایعقل ، طیفلیة... .**
- **زمانی تورکی**: **مەرحەمەت ئێت ئەڵماسم ، ئاقچەشر ، قەلەمدر ، ئەرقەسیندە ، خەرقە ، بەنم دەکیل ، حاد قەسی ، کیم بیلیر سزی... .**

لێرە بەدواوە، چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی پیشان دەدەین، بۆ ئەوەی زیاتر لە شێوازی شیعرەکانی نزیك ببینەوە و، هاوکات ئەوەش ڕوون بێتەوە، کە شێخ ڕەزا چۆن هونەرمەندیی و دەست ڕەنگینیی خۆی لە بواریی زمانی شیعریی نواندووە:

**شێخ ڕەزا بێت و لەسەر تۆ هەجوی قازیی کۆی بکا**
**سەیری کە چی بکا ، دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا**

((دیوان ، لا٣٨٧))

**کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد**
**سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا**

((دیوان ، لا٣٣٧))

[٣٠] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٦.

وەك دەزانین ئەدەبی كوردی لە بەرهەمی فۆلكلۆریی، بە تایبەتی پەندی پێشینان، زۆر دەوڵەمەنـدە، ئەگـەر تەماشایەكی ئەو دوو دێڕە شیعرەش بكەین، ئەوا دەبینین، كە شێخ ڕەزا پەنـدەكانی (دۆم بـێ و كـڵاش بـۆ خـۆی بكات)[31] و ، (كارێكی پێ كرد با بە دەواری شڕی نەكا)[32]ی وەرگرتووە و، بە زمانێكی پـاراو و كوردییـەكی ڕەوان چ وێنەیەكی هونەری لێ دروست كردوون و، تێكەڵ بە نێوەرۆكی شیعرەكانی كردوون.

**لام وابوو پیربووم عەشق دەستم لێ هەڵئەگرێ**

**نـەمـزانی داری وشـك بــاشـتـر ئاگر ئەگرێ**

((دیوان ، لا١١٥))

**دەرحــــەقی بــۆچی ئــەتـرسـم بە خوا تا ئەمرێ**

**چی لە دەست نایێ مەگەر بێ گونی ئەسپم بگرێ**

((دیوان ، لا١١٠))

**ئێستری زیندوو بڵێم بۆم چاكە یا مردووم دەوێ**

**ئـیـحـتیاجم زۆرە خانم با بلێم هــەردووم دەوێ**

((دیوان ، لا١١٠))

ئەگەرچی شاعیرانی سێكوچكەی بابان (دە)یان لە جیێی (ئە)ی كرداری ڕانەبردوو بـەكارهێناوە، بـەڵام ئەگـەر سەیری ئەم دێڕانەی شێخ ڕەزا بكەین، ئەوا دەبینین، لە دێڕی یەكەم و دووەمدا لە كردارەكانی (لێ هەڵئـەگرێ ، ئاگر ئەگرێ، ئەمرێ)دا (ئە)ی بەكارهێناوە. بەڵام لە دێڕەكەی دیكەدا، وەك نالیی (دە)ی بەكارهێناوە لە كـرداری (دەوێ)دا، كەواتە شێخ ڕەزا هەردوو مـۆرفی مـۆرفیمی كـرداری ڕانـەبردووی بـەكارهێناوە، بـەڵام دەبـێ ئامـاژە بـۆ ئەوە بكەین، كە ژمارەی ئەو شیعرانەی مـۆرفی (دە)یـان تێـدا بـەكارهێنراوە، زۆر زیـاترن لەوانـەی (ئـە)یان تێـدا بەكارهاتووە.

**تۆیش لە من بووگی وە شـاعیر ئەی حەرامزادەی سنە**

**بــووچــە شــانێ نا حـەفێنی مەسرەفی چەس ئەو تنە**

**عیززەت ئاهەنگی لە كـوێ بوو ئەی كوڕی وەستا شەفێ**

**وردە ئــاهــەنگێ كــە فـەرمووت ها وەلای وەستا ژنە**

((دیوان ، لا٩٩))

هـەروەك ئاماژەمـان بـۆ كـرد، شـێخ ڕەزا كوردییـەكی پـاراوی زانیـوە و، شـارەزایی تـەواوی لـە دیالێكتـە كوردییەكاندا هەبووە و، ((لەم چوارینەدا شێخ ڕەزا ڕستە و تەعبیری دیالێكتی میللی ئەردەڵانی بـەكاردێنێ ..... مەبەسـتی بنچینەیی شـاعیر ئـەوە بـووە لێكسیكۆنی ئـەو دیالێكتـە بـەكاربێنی بـۆ ئـەوەی هەوایـەكی كۆمیـدی پێكەنیناوی بدا بە شیعرەكەی))[33].

[31] شێخ محەمەدی خاڵ ، پەندی پێشینان ، چاپخانەی شڤان ، چاپی چوارەم ، ٢٠٠٧ ، لا٢١٦.

[32] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٩٤.

[33] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٣٣٣.

**هەر لە پاڵ ئەم شارەزاییيەدا**

**خـەبـەر چـــوو بۆ میرە سوورە**

**قوربـان شێخ ساڵح مەغـدوورە**

**خـۆشی خـۆشی پێ کەوت وتی:**

**ئاگرە سوورە لـــە خـۆم دوورە**

**کـــــەسی فـــەقـــیری بێ چـارە**

**گـــەر عـەیبی هــەبێ دیـــارە**

((دیوان ، ل٩٠))

**ســاغ لـــە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ**

**بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قوڕمساغت دەوێ**

((دیوان ، ل١١٦))

ئەگەر سەیری ئەم دوو شیعرەی سەرەوە بکەین و، بە وردی لە زمانەکەیان بڕوانین، دەبینین بە زمـانێکی وا ئاسان و، ڕەوان نووسراون، کە لە ئاست تێگەیشتنی هەموو خوێندەوارێکی کوردن، لە هەر ئاست و پلەیەکدا بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: کە شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەوەی، کە زمانە بێگانەکان و وردەکارییـەکانی ئـەو زمانانـەی زانیـوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی شیرینی کوردی فەرامۆش نەکردووە و، تەئسیر و کاریگەرییەکانی دەوروبەریشی، لـە جێگا و، شوێنی خۆیـدا بـەکارهێناون، خـۆی لـە گۆڕانکـاریی زمـان بـە دوور نـەگرتووە و، زانایانـە هاوسـەنگی لـە نێوانیاندا دروست کردووە.

هـەروەك ئاماژەمـان بـۆ کـرد شـێخ ڕەزا بـە هەرسـێ زمانەکـەی دی شـیعری گوتـووە، وا بـاوە کـە لـە شـیعرە فارسییەکاندا گرەوی لە شاعیرانی فارس زمـان بردووەتـەوە، بۆیـە لێـرەدا بـۆ هـەر زمانـەو، نموونەیـەکی شـیعری تۆمار دەکەین:

**زمانی فارسی:**

**کـــجـا شد ان عـنـــایـتـهـــا دیـریـن؟**

**کـجـــاشـــد ان کـــرامـــتـهای پیشین؟**

**نـەگـــاهی پـــرسـیدم خـانم نە پـاشا**

**نـە یـارم مـیکند خـسرو نـە شیرین!**

((دیوان ، ل١٣٦))

**زمانی عەرەبی:**

**أقـول قولاً لیس فـیـه أفترا**

**امـ جـمیل اولدتـه مـن ورا**

**ان لم تـصدق قولي امـا تـرا**

**فی وجهه المصغرأثار الخرا؟!**

((دیوان ، ل١٥٣))

**زمانی تورکی:**

**تـحـت تـوقـیـفه الندی قوی النسون کیرەته**

**خلقی ئـەیچون چـــاهی قزان چاهه دوشر البته**

((دیوان ، لا١٥١))

## بەشی سێیەم

## کێشی شیعرەکانی

کـێش ڕەگـەزێکی زۆر گرنگـە لـە پێکهێنـەرەکانی ڕوخسـاری شـیعر و، هـەر لـە دێـر زەمانـەوە بووەتـە هـۆی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەو، گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانـە. بۆیـە زۆربـەی شارەزایان و، پسپۆڕان بـەم جۆرە پێناسەی شیعر دەکەن، کە کۆمەڵە وشەیەکی پابەند بە کێش و سەروایە[٣٤]، هەر ئەو کێشەشە، کە دەبێتـە هۆی دروستکردنی بنەمایەکی مۆسیقی بۆ شیعر و، تەمەن درێژیی بە شیعر دەدات. چونکە شیعر بە پێچەوانەی پەخشانەوە لە ئەنجامی ئەو بەرگە مۆسیقییەی کە هەیەتی، زوو دەچێتە بیری خوێنەرەوە و، لەبـەر دەکرێـت و، لە بیر ناچێتەوە. ئەمەش بۆ کێش و سەروا دەگەڕێتەوە کە بە نەوایەکی بە جۆش وەبەرگوێمان دەکەون و، سـەر و بنـی شـیعرەکە پێکـەوە دەبەسـتن و، بـەهۆی ئـەو هارمۆنیایـەی دروسـتی دەکـەن، چـێژ و ئـۆقرە بـە ڕووح دەبەخشن[٣٥].

دیارە، کە ((ئەدەبی کوردی لە فۆلکلۆر و و ئەدەبی میللی زۆر دەوڵەمەنـدە، کـە پـێش هـاتنی ئـایینی ئیسلام کـورد خـاوەنی کێشـی تایبـەتی خـۆی بـووە، کێشـی ٨ ، ٧ بڕگـەیی... ))[٣٦]، وەك دەشـزانین زانسـتی عـەرووز و بەحرەکانی ئەم زانستە، لە لایەن زانای گەورەی عـەرەب (خـەلیلی کـوڕی ئەحمـەدی فەراهیدی)یـەوە لـە سـەدەی دووەمی کۆچیدا دانراون و، داهێنانەکەشی باڵی بەسەر ئەدەبی هەموو گەلە موسڵمانەکاندا کێشاوە و، شـاعیرانی کوردیش، هەروەك چۆن لە ڕووی زمانەوە بە لای عەرەب و زمانی عەرەبیـدا شـکاونەوە، هـەرواش سـەرنجیان بـۆ لای ئەو زانستە چووە. هەر ئەمەش وای کردووە، کە تا ئێستاش ناوی ڕەگەز و بنەماکانی ئەم زانستە بـە زمـانی عەرەبی بمێننەوە.

هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئەدەبی کوردی بەر لە داهاتنی زانستی عەرووز، کێشی تایبەت بـەخۆی هـەبووە و، شیعری لەسەر دانراوە. پاشان دووبارە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، جارێکی دیکە شاعیران بۆ ئـەم کێشـە گەڕانـەوە و، نوێکردنەوەیـەکی گرنگیـان لـە ئـەدەبی کوردیـدا بـەرپاکرد، کـە دەنگـونجێ نـاوبنرێ شۆڕشـی شـیعری کـوردی بـەرەو شـیعری هاوچـەرخ و، کـوردیی ڕەوان و، وەلانـانی کێشـی عـەرووزی عـەرەبی[٣٧]. بـەڵام تـا ئەمڕۆش، لایەنگر و پەیڕەوکەرانی ئەم جۆرە کێشە هەر مـاون و، بـۆ ماوەیـەکی درێـژیش ئـەم ڕێبـازە لـە لایـەن شاعیرانی کوردەوە پەیڕەوکراوە و، کارێکی یەکجار زۆری کردووەتە سەر شیعری کوردی چ لـە ڕووی چاولێکەریی و لاسایی کردنەوە، یان گۆڕانکاریی و داهێنان لەو ڕێبازەی کە لە شیعری عەرەبیدا سـەری هەڵدابوو. بەهـەر کـام

---

[٣٤] ئاری صبحی أحمد ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، لا٦٦.

[٣٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٦٧.

[٣٦] حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، لا٥٨.

[٣٧] عەبدوڵڵا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، لا١٧٩.

لەم لایەنانەدا بێت ئەم جۆرە شیعرە دەورێکی گرنگ و، بەرزی هەبووە و دەبێت لە مێژوی شیعر و ئەدەبی کوردیدا و ، شاعیرەکان وەستایی و دەست ڕەنگینی خۆیان لەم ڕووەوە دەرخستووە[٣٨].

دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، کە زانستی ((عەرووز هونەرێکی زۆر گرانە ، فێربوونی مێشك دەکاتەوە، زاخاوی هۆش و مێشك دەداتەوە، خۆی لە خۆیدا مرۆڤ هۆشیار دەکاتەوە، کورت و پوخت: عەرووز گوێی مۆسیقی شاعیرە. بەلای شاعیرانەوە ئەم بڕیارە دروستە:

**نابی بە شاعیر تا بە ڕەوانی**

**زانستی کێشی هەڵبەست نەزانی))**[٣٩].

هەر ئەم گرنگیدانەی، شاعیران بە عەرووز و بنەماکانی شیعری کلاسیکی، وای لە زۆر کەس کردووە، کە شیعری تازە بە قسەی ئاسایی ناوبەرن، نەك شیعری ڕاستەقینە. دیارە ئەم تێڕوانینەش هەروا لە خۆڕایی نییە و، لاوەکییانە سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە جوانی واتا و ئەندێشەی قووڵ دەبێ هەردەم، لەگەڵ ناسکی وشەکان و ڕەوانی ڕستەکان جۆش بدرێن و، تێکەڵ بکرێن، وەك بەرگی جوان لەبەر بووکی ڕەنگیندا ئەوەش ئیشی کێشە، ئەمە ئیشی عەرووزە[٤٠]. هەر ئەمەش وای کردووە، کە بە عەرووز بگوترێت کۆت و پێوەندیی ڕازاندنەوە (قیود زینە) لە ڕاستیشدا وایە و، لە گشت زمانێکیشدا شیعری زەبەلاح و گەورە دەبینین، بەهۆی ڕیتمی کێشەکەوەیە، کە وەك لوتکەی قەندیل ڕەنگینە، بەڵام کە ڕووتی دەکەینەوە لە کێش و قاڵبی شیعری وەکو بووکە بە بارانەی منداڵانی کوردەواری لێ دێت[٤١]!

ئەگەر کەسێك بە سەرنج و، تێڕامانی وردەوە بڕوانێتە دیوانی شاعیرانی وەك نالیی و سالم و کوردیی و... دیوانی شاعیرانی دیکە و، لەگەڵ شاعیرانی تازەدا بەراوردیان بکات، ئەمجار ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کێش چ دەورێکی لە ڕوخساری شیعردا هەیە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ گرنگی عەرووز بۆ شاعیران کرد، ئێستاش باس لە عەرووز لە لای شاعیرانی کورد بە گشتی و، شێخ ڕەزا بە تایبەتی دەکەین، کە بابەتی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە، چونکە شێخ ڕەزاش وەك هەر شاعیرێکی دیکەی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە سەرجەم شیعرەکانیدا پێڕەوی لە کێشە عەرووزییەکان کردووە، بەڵام وەك دەزانین و باسیشمان کرد، کە شاعیرانی کورد نەهاتوون دەقاودەق ئەو زانستە وەرگرن، بەڵکو تەنیا ئەو ڕووەیان وەرگرتووە، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێت. شاعیر هەیە تەنیا یەك شیعری لە قاڵبە کێشێکی دیاریکراو هەیە، یاخود هەندێك جار قاڵبە کێشی عەرووزی واهەیە، کە چەند عەرووز و تەفعیلیەکی جیاوازی هەیە و، یاخود هەموو ئەو قاڵبانەی کە چوارین، وەك: هەزەجی چواری و، ڕەمەلی چواری و، ڕەجەزی چواری و.... بە هەموو قاڵبەکانیانەوە بە لای زۆربەی توێژەرانی بواری کێش ناسییەوە، لە

(٣٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا١٧٩ – ١٨٠.

(٣٩) نووری فارس حەمەخان ، عەرووزی کوردی ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، ١٠ – ١١.

(٤٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٩ – ١٠.

(٤١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا١٠.

بنەڕەتدا هەشتین و، بە هۆی سەرواى ناوەوە و هونەری تەسمیت و تەشتیرەوە، هەر لە تێکیان کراوە بە دوو پارچەوە بەمەش لە هەشتییەوە بوون بە چواری[٤٢].

ئەمانە و چەندان کێشی دیکە، کە ڕووبەڕووی توێژینەوەی ئەم بوارە بوونەوە و دەبنەوە، هەر ئەمەشە، کە وای کردووە زۆر کەس خۆی لە قەرەی ئەم زانستە نەدات و، بە زانستێکی مردوو ناوی ببات، کە بە داخەوە کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا هەژارە و، چاوەڕێی دەستی توێژەرانی بەهرەمەند و، کەسانی پسپۆڕ دەکات، کە ئاورێك لەم لایەنە بدەنەوە و توێژینەوەی پوخت و ڕەنگین لەسەر سەرجەم بوارەکانی ئەم زانستە ئەنجام بدەن.

ڕێکوپێکی کێشەکان و ڕاستیشیان پێوەنییەکی توندیان بە گوێی مۆسیقی شاعیرەوە هەیە، چونکە ئەگەر شاعیر ئەو هەستەی نەبێت، ئەوا ناتوانێت کێشەکان بەش بەش بکات و، ئاوازی دێڕە شیعرەکە لە ڕێگەی برگەی کورت و درێژەوە ڕێك بخات. یاخود جاری وابووە، کە شاعیر پەنای بردووەتە بەر پاش سەروا و پێش سەروا بۆ درێژکردنەوەی ئاوازی شیعرەکە و، ڕێکخستنی چونکە کاری پاش ڕەوی درێژکردنەوەی ئاوازی شیعر و بە بەرداکردنی بەرگێکی مۆسیقییە بە بەر شیعردا، یان شاعیر پەنای بردووەتە بەر دیاردەی دەنگ گۆڕکێ و، وشەی بێگانە بۆ ڕێکخستنی کێشەکە.

گرنگترین کێشە بەکارهاتووەکانی شیعری کوردی (هەزەج) و ، (ڕەمەڵ) و (موزاریع)ن، شاعیر نییە لە سەر ئەم کێشانە شیعری نەگوتبێت، دوای نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیش، لە سەرەتادا، مەبەستمان سەرەتای سەدەی بیستەمە، چونکە دواتر زۆربەی شاعیران — بۆ نموونە: گۆران- دەستی لە عەرووز هەڵگرت، هەرچەندە هەندێکیان، وەکو شێخ نووری، سەر لە نوێ بایانداوەتەوە سەر عەرووز، کە بە زۆریی کێشی (هەزەج) و (ڕەمەل)یان بە کارهێناون، چونکە زیاتر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەگونجێن[٤٣]. بەڵام هەندێ کێش لە شیعری عەرەبیدا زۆر بەکارهاتوون لەوانە: (تەویل) و (مەدید) و (بەسیت) و (وافر) و.... کە لە شیعری کوردیدا ، یان بەکارنەهاتوون، یاخود تاك و تەرا و دەگمەنن، کەواتە ((بە پێی چۆنیەتی زمانەکە لە کوردی و عەرەبیدا قاڵبەکان گۆڕاون، لەبەر ئەوەی دوو زمانی جیاوازن لە ڕووی سیستەمی ڕێزمانی و دەنگی، بۆیە شاعیرانی کورد گەلێك جار بۆ ئەوەی پیتەکان بە گوێرەی کورتی و درێژی بگونجێن، گۆڕیویانە تا لەگەڵ ئاواز و کێشی شیعرەکەدا یەکسان بێت))[٤٤].

بابەتی سەرەکی باسەکەی ئێمەش، کە شیعرەکانی شێخ ڕەزان بە داخەوە، وەك بەرهەمی زۆر لە شاعیرانی دیکەی کورد، ئاوڕی جدییان لێ نەدراوەتەوە و، توێژینەوەیەکی وردیان دەربارە نەکراوە و، ڕایەکی جێگیر دەربارەی کێشی شیعرەکانی بەرچاو ناکەوێت، بە وێنە د. مارف خەزنەدار بەم جۆرە باس لە کێشی شیعرەکانی دەکات: ((بەگشتی شێخ ڕەزا بەحرەکانی عەرووز لە شیعریدا بەکاردێنی، وەکو هەموو شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کورد، بەشی هەرە زۆری شیعری لە سەر بەحرەکانی هەزەج و ڕەمەلن، هەروەها بەحرەکانی موزاریع و موجتەس و خەفیف و ڕەجەز و سەریعیشی بەکارهێناوە))[٤٥]. ئەمە ڕاوبۆچۆوون و بەرهەمی توێژینەوەی د.

---

[٤٢] عەزیز گەردی ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) ، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپخانەی دێکان ، سلێمانی ٢٠٠٣، لا ٤٨ — ٥١.

[٤٣] حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، لا٢٠٩.

[٤٤] ئاری صبحی أحمد ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، لا٦٩.

[٤٥] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

مارفە، کەچی (عەزیز گەردی) لە کتێبی (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی)دا، هەر یەك لە بەحرەکانی (ڕەمەل) و (هەزەج) و (موزاریع) و (خەفیف) و (موجتەس)ی بە چەند تەفعیلە و قاڵبێکی جیاجیاوە دیاری کردووە، تەنانەت بۆ بۆچوونکەی ئەویش ڕای پێچەوانە دەکەوێتە بەرچاو، لەوانە: (هەزەجی هەشت هەنگاوی موسەببەغ)ی دیاری کردووە، کەچی لە بنەڕەتدا ((تەسبیغ نەگۆڕە و بەس لە ڕەمەل دا دەبێت))[٤٦]. ئێمەش لەو باسەماندا هەوڵ دەدەین هەندێك لە شیعرەکانی ناو دیوانەکەی دەربهێنین و، دەست نیشانیان بکەین، بەو شێوەیەی خوارەوە:

١. **هەزەج**
٢. **ڕەمەل**
٣. **موزاریع**
٤. **خەفیف**
٥. **موجتەس**

بەڵام وەك لای هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە، کە دیوانی شیخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ چەندین جار و لە لایەن چەندان کەسی جیاواز ساغ و کۆکراوەتەوە، وەك دەشزانین بەرهەمی شاعیرانی کۆنمان بە ڕێنووسی کۆنی عەرەبی نووسراونەتەوە و، گۆڕینیان بۆسەر ڕێنووسی ئێستا، هەروا کارێکی سانا و ئاسان نییە لە ئەستۆی کەسانی پسپۆڕدایە کە بە شێوەیەکی زانستی و ڕاست و دروست ئەم کارە ئەنجام بدەن و هەڵەکانی ڕابردوو ڕاست بکەنەوە، بۆیە شێخ ڕەزاش وەك زۆر لە شاعیرانی دیکە شێوازی جیا جیا لە نووسینەوەی شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، تەنانەت تا ئێستاش ژمارەی شیعرەکانی بە وردی دیاری نەکراوە و هەر دیوانێك و کۆکردنەوەیەکیان لەگەڵ ئەوانی دیکە بەراورد بکەین، ژمارە و، شیعر و، نووسینەوە و ڕێکخستنی جیاوازمان بەرچاودەکەێت. هەڵبەت ئێمەش ناتوانین هیچ بڕیارێکی ڕەها و موتڵەق لە بارەی کێشی شیعرەکانییەوە بدەین، لە بوونی هەڵە و کەموکوڕیش دڵنیاین، ئەوەی کە دەخرێتەڕوو کورد گوتەنی (مشتێکە لە خەروارێك) و تەنیا نموونەیە:

**<u>یەکەم:هەزەج</u>**

١. هەزەجی هەشت هەنگاوی...

**بەمارف بەگ بڵێن قەتعی معاشی من نەکا چاکە**

**زمـــانی مـن کە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زوححاکە**

((دیوان ، لا٩٥))

ب – – –   ب – – –   ب – – –   ب – – –

مـفاعیلن   مـفاعیلن   مـفاعیلن   مـفاعیلن

٢. هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف...

**بەجێ ما کاکە جاف خۆی و کڵاوی**

[٤٦] نووری فارس حەمەخان ،عەرووزی کوردی ، لا٣٣٥.

**دەری کرد ئافەرین خدری گلاوی**

((دیوان ، لا١١٨))

ب – – –   ب – – –   ب – –

مـفـاعیلن  مـفـاعیلن  فعـولن

**٣. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور...**

**ئەم دەغڵە کەتەسلیمی دەکا شێخ بە هەجیجی**

**نـوقـسانی دەکا هەر لە تەغارێ  دەکـەویجی**

((دیوان ، لا١١٣))

– – ب   ب – – ب   ب – – ب   ب – –

مـفـعول   مـفـاعـیل   مـفـاعیل   فـعولان

**٤. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف...**

**لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابـوو کە ئێمە**

**پاماڵی جەفابین و ، ڕەقیب سەیر و سەفاکا**

((دیوان ، لا٣٣))

– – ب   ب – – ب   ب – – ب   ب – –

مـفـعول   مـفـاعـیل   مـفـاعیل   فـعولن

**٥. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەب...**

**گەر بێت و بە سەد دەریا بیشۆیەوە شێخ باقی**

**پاک نابێتەوە هێشتا پڕ گووی  سەگە  لوولاقی**

((دیوان ، لا١١٧))

– – ب   ب – – –   – – ب   ب – – –

مـفـعول   مـفـاعـیلن   مـفـعول  مـفـاعیلن

**٦. هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف...**

**ئەم قەحبە فەلەک لە داخی مردم**

**موحـتـاجی ڕەشی ڕەشیدی کردم**

((دیوان ، ٧٤))

– – ب   ب – ب –   ب – –

مـفـعول   مـفـاعـلن   فـعولن

**٧. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی ئەهتەم...**

**شۆخێ بە ئینایەت چووە لای زوهد فرۆشێ**

**بۆ ئـەخزی تەریقەت بە دڵی پڕ لە خرۆشێ**

((دیوان ، لا١٣١))

ــ ــ ب    ب ــ ــ ب    ب ــ ــ ب    ب ــ

مـفعول    مـفـاعـیل    مـفـاعـیل    فـعول

**دووەم:ڕەمەل**

**١. ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف...**

**گەرچی میرانی خدر بەگ  موددەتێک قورعەی نەدا**

**پـار لە خـۆشناو قورعەیان کێشا و گەلێکیان پێوەکرد**

((دیوان ، لا٥١))

ــ ب ــ ــ    ــ ب ــ ــ    ــ ب ــ ــ    ــ ب ــ

فـاعـلاتن    فـــاعـــلاتن    فـــاعلاتن    فـــاعلا (فاعلن)

**٢. ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم....**

**ئـــەو مـــریشک و کـــەڵەشێرە کە وتم بینێرە**

**دووی لە ڕێ مرد و یەکێکی بە نەخۆشی لێرە**

((دیوان ، لا٩٨))

ــ ب ــ ــ    ب ب ــ ــ    ب ب ــ ــ    ــ ــ

فـاعـلاتن    فـعــلاتن    فـعـلاتن    فـع لن

**٣. ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف...**

**دەمکـوژێ حـــوکمــە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب**

**وەرە سا بەشقی خوا دەس لە یەخەم بەردە طەبیب**

((دیوان ، لا٤٢))

ــ ب ــ ــ    ب ب ــ ــ    ب ب ــ ــ    ب ب ــ

فـاعــلاتن    فـعــلاتــن    فــعـلاتن    فـعـلن

**٤. ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەحزووف...**

**حـــاجی عـــەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە**

**بـا وجوودی مـــەرتەبەی پێغەمبەری**

((دیوان ، لا١١٤))

– ب – –     – ب – –     – ب –

فـاعلاتن     فاعــلاتن     فـــاعـلن

**٥. ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف...**

**چڵ و چێوی چـەمی ڕەشنەش  بە ڕەشت**

**بـە لـەشت هەم بە بەشت هەم بەڕەشت**

((دیوان ، لا٤٧))

– ب – –     ب ب – –     ب ب –

فـاعــلاتـن     فــعــلاتــن     فـعــلن

**<u>سێیەم: موزاریع</u>**

**١. موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف...**

**زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە**

**هـــەرزانـــە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ**

((دیوان ، لا١١٤))

– – ب     – ب – ب     ب – – ب     – ب –

مفعول     فاع لات     مـفـاعیل     فاع لن

**٢. موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب...**

**شێخ مـوسـتـەفـا  لە زومرەی ئەولادی  مورتەزایە**

**هەرکەس کە خەسمی ئەو بێ دەیگێم لە لام غەزایە**

((دیوان ، لا٩٧))

– – ب     – ب – –     – – ب     – ب – –

مفعول     فاع لاتن     مفعول     فاع لاتن

**<u>چوارەم: خەفیف</u>**

**١. خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف...**

**بـــەدە ئـــاب و هـــەوای قـەلـعەدزە**

**کە سەگیشی لە عـومری خۆی وەڕزە**

((دیوان ، لا٩٦))

ب ب – –     ب – ب –     ب ب –

فعلاتن     مفاعلن     فعلن

**٢. خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم...**

**سوورەت و سـیرەتی لە پیاو ناچێ**

**ئـــەو قـــوڕمـساغە مێیە یا نێرە**

((دیوان ، لا٩٠))

– ب – –　　ب – ب –　　– –

فاعلاتن　　مفاعلن　　فع لن

**٣. خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەقسوور...**

**مـــوتـــەســـەریــف جیگـارەکـەی لە دەما**

**دێ و دەچێ وەک مریشکی چیلکە بە قوون**

((دیوان ، لا٧٧))

ب ب – –　　ب – ب –　　ب ب –

فـعــلاتن　　مفاعلن　　فعلان

**پێنجەم: موجتەس**

**١. موجتەسی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم...**

**مـــوخـاڵەفەم نییە مـن ساعەتێکی مـیـقاتم**

**غولامی حەڵقە بە گـوشی جەمیعی ســاداتم**

((دیوان ، لا٧٣))

ب – ب –　　ب ب – –　　ب – ب –　　– –

مفاعلن　　فعلاتن　　مـفــاعلن　　فع لن

## ئەنجامەکان

**پوختەی ئەنجامە هەرە درشت و بەرچاوەکانی ئەم توێژینەوە، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:**

**١. هێزی دروستکەری زۆربەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا، پاڵنەری کاردانەوەیە، نەك پرۆسـەیەکی فکری و مـەعریفی و، لـە چوارچـێوەی زمـانی شـیعریدا گوزارشـت لـە خۆبکـات و، زۆربـەی شـیعرەکانی بـێ بیرکردنـەوە و زۆر لـە خۆکردن بۆ هاتوون.**

**٢. دیوانەکـەی لـە وشـە و مـوفرەداتی کـوردیی و بێگانــەدا زۆر دەوڵەمەنــدە، ســوودێکی زۆری لــە فۆلکلـۆر و کەلەپووری نەتـەوەیی، بـە تایبـەتی پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق و ئیـدیۆم، وەرگرتـووە و سـەدان وشـەی ڕەسەنی دیالێکتە جیاجیاکان و زمانە بێگانەکانی بـەکارهێناوە، لـە شـیعرەکانییەوە دیـارە، کـە هـەرگیز بـۆ وشـە دانەماوە و، بە دوایدا نەگەڕاوە، زمانەکەی هەتا بڵێیت: دەوڵەمەندە.**

**٣. لە ڕووی ڕوخساری شیعرییەوە، شێخ ڕەزا هەموو قاڵبە شیعرییەکانی بەکارنـەهێناوە، بـەڵام ئەوانـەی بـەکاری هێناون، لە تەکنیکە گرنگەکانن و، بە شێوەیەکی وا ڕازاندوونیەوە، کە هاوتایان کەمە، زۆرجاریش داهێنانی تێدا کردوون، یەکەم شاعیرە، کە بەرچاومان کەوتبێت تەکنیکی سێینەی بەکارهێنابێت.**

٤. شێخ ڕەزا بۆ سەرواى شیعرەكانى، نیوەى دەنگەكانى ئەلف و بێى كوردیى بەكارهێناوە، كە لە پیتە ڕەوان و ئاوازدارەكانن، بەجوانكاریى و وردەكارییەكانى لەم مەیدانەدا، شیعرەكانى ڕازاندووەتەوە و، داهێنانى تێداكردوون و، دێڕى یەكەمى پارچەى، وەك غەزەل و قەسیدە هاوسەروا كردووە.

٥. لەنێو شیعرەكانى شێخ ڕەزادا، تاك و چوارین لە هەموو جۆرەكانى دیكە زیاتر بەرچاو دەكەون.

## سەرچاوەكان

**بە زمانى كوردى:**

**یەكەم: كتێب**


١. **ئومێد ئاشنا** ، شێوە و ناوەڕۆك، دەزگاى چاپ و بلاوكردنەوەى ئاراس، چاپى یەكەم، هەولێر ٢٠٠٧.

٢. **ئەنوەر قادر محەمەد** ، لیریكاى شاعیرى گەورەى كورد – بە دیالێكتى گۆرانى(هەورامى)- دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، چاپى سێیەم ، سلێمانى ٢٠٠٧.

٣. **پەرێز سابیر (د)** ، ڕەخنەى ئەدەبى كوردى و مەسەلەى نوێكردنەوەى شیعر ، دەزگاى چاپ و بلاّوكردنەوەى ئاراس ، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە ، چاپى یەكەم ، هەولێر ٢٠٠٦.

٤. **جەبار ئەحمەد حسێن** ، ئیستاتیكاى دەقى شیعرى كوردى كوردستانى عێراق (١٩٥٠ – ١٩٧٠) ، چاپى یەكەم ، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، ٢٠٠٨.

٥. **جەلال مەحمود عەلى** ، ئیدیۆم لە زمانى كوردیدا ، دەزگاى ڕۆشنبیرى و بلاّوكردنەوەى كوردى ، مطبعة حسام ، بەغدا ١٩٨٢.

٦. **حوسێن غازى كاك ئەمین** ، نوێكردنەوەى شیعرى كوردى لە ساڵى ١٩٣٢ تا كۆتایى ١٩٤٩ لە كوردستانى عێراقدا ، چاپخانەى ڕۆژهەلاّت ، هەولێر ٢٠٠٨.

٧. **حەمە نورى عومەر كاكى** ، شێواز لە شیعرى كلاسیكیى كوردیدا ، چاپخانەى تیشك ، چاپى یەكەم ، سلێمانى ٢٠٠٨.

٨. **عومەر میراودەلى** ، زمانى دەق ، چاپخانەى وەزارەتى ڕۆشنبیرى ، چاپى یەكەم ، هەولێر ٢٠٠٨.

٩. **عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللاّ** ، شیكردنەوەى دەقى شیعریى لە ڕووى زمانەوانیەوە ، دار السبیریز للطباعة والنشر ، دهۆك ٢٠٠٨.

١٠. **عەبدوللاّ خدر مەولوود (د)** ، لێكۆڵینەوەیەك لە شیعرى حەمدى ، بەڕێوەبەرایەتى چاپخانەى ڕۆشنبیرى ، چاپى یەكەم ، هەولێر ٢٠٠٤.

١١. **عەزیز گەردى** ، ڕابەرى كێشى شیعرى كلاسیكى كوردیى (لێكۆڵینەوەى ئەدەبى) ، لە بلاّوكراوەكانى وەزارەتى ڕۆشنبیرى ، چاپخانەى دێكان ، سلێمانى ٢٠٠٣.

١٢. **كەمال میراودەلى (د)** ، فەلسەفەى جوانى و هونەر (ئیستاتیكا) ، خانەى چاپ و بلاّوكردنەوەى (قانع) ، چاپى دووەم ، ٢٠٠٥.

١٣. **لۆرانس پیرین** ، شیعر چییە؟ وەرگێڕانى **ئەبوبەكر خۆشناو** ، چاپخانەى پیرەمێرد ، چاپى یەكەم ، ٢٠٠٨.

١٤. زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، دانانی: **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە**، چاپخانەی بسمان ، چاپی یازدەهەم ، ١٤٢٣ك – ٢٠٠٢ز.

١٥. زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، دانانی: **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە** ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم (بژارکراو) ، هەولێر ٢٠٠٢ز – ٢٧٠٢کوردی.

١٦. **مارف خەزنەدار (د)** ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠٤.

١٧. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی **شێخ محەمەدی خاڵ** ، **ئومێد ئاشنا** ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٣.

١٨. **شێخ محەمەدی خاڵ** ، پەندی پێشینان ، چاپخانەی شڤان ، چاپی چوارەم ٢٠٠٧.

١٩. **نوری فارس حەمەخان** ، عەرووزی کوردی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٠. **هۆراس** ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە **(حەمید عەزیز)** ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی دووەم ، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢١. هەواری خاڵی ، سەرجەمی نووسینی **هێمن** ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠٦.

٢٢. **هیمدادی حوسێن (پ. ی . د.)** ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، چاپخانەی خانی ، چاپی یەکەم ، دهۆك ٢٠٠٧.

## دووەم: نامەی زانکۆیی (ئەکادیمی)

٢٣. **ئاری صبحی أحمد** ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، نامەی ماستەری پیشکەش کراو بە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٦.

## سێیەم: وانەی زانکۆیی

٢٤. **م. یادگار ڕەسووڵ محەمەد ئەمین** ، موحازەرەکانی کۆلێژی زمان / قەڵادزێ ، ئەدەبی کۆن ، قۆناغی دووەم ، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧.

### بە زمانی فارسی:

٢٥. **سیروس شمیسا** ، سبك شناسی شعر ، انتشارات فردوس ، ج٤ ، تهران ١٣٧٨.

### بە زمانی عەرەبی:

٢٦. **طاهر أحمد مکی** ، الشعر العربي المعاصر ، دارالمعارف ، مصر ، ١٩٨٠ ، ص٧٦.

٢٧. عبدالقادر الرباعي(د.) ، جماليات المعنى الشعري الطبعة الأولى ، دار الفارس للنشر والتوزيع ، عمان ، ١٩٩٩، ص١١٠.

٢٨. الفت كمال الروبي (د.) ، نظرية الشعر ، بيروت ٢٠٠٧.

٢٩. محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي ، ط١ ، بغداد ١٩٩٣.

٣٠. محمد العبدحمود (د.)، الحداثة في الشعر العربي المعاصر (بيانها ومظاهرها)، الطبعة الأولى، بيروت – لبنان ، ١٩٦٦.

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە (ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەتوێژێتەوە، دیارە زۆر کەس بایەخیان بە نێوەرۆکی شیعرەکانی داوە، بەڵام وەك پێویست گرنگییان بە ڕوخساریان نەداوە، ئەمەش پاڵی پێوەناین لەم توێژینەوەیەماندا، کە ناومان ناوە (ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لەو لایەنە گرنگەی شیعرەکانی بکۆڵینەوە.

**توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکدیت:**

بەشی یەکەم بۆ توێژینەوەی پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆك بە شێوەیەکی گشتی و هاوسەنگیی نێوانیان لە دەقی شیعریدا تەرخانکراوە، پاشان توێژینەوەی هونەری شیعر و سەروا لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا و، هێنانەوەی نموونەی شیعری دیوانەکەی.

بەشی دووەمیش لە زمانی شیعری شێخ ڕەزا دەتوێژێتەوە، لە سەرەتادا زمانە شیعرییەکەی و جیاوازیی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاسایی، پاشان زمانی شیعری شێخ ڕەزا و ئەو وشە کوردیی و فارسی و عەرەبی و تورکییانەی بەکاری هێناون، پشت بە بەڵگەی شیعری توێژراوەتەوە.

بەشی سێیەمیش لە کێشی شیعرەکانی دەتوێژێتەوە، کە پاش ڕوونکردنەوەی گرنگیی کێش لە شیعردا، باسی گرنگیی کێشمان لە ڕوخساری شیعردا کردووە، لە کۆتاییشدا، ئەو کێشانەی شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، دیاریمان کردوون.

## ملخص البحث

يتطرق هذا البحث الى دراسة (الشكل في قصائد شيخ رضا الطالباني) حيث اهتم كثيرون بمضمون قصائده، دون الاهتمام بشكلها بصورة كافية، وهذا مادفعنا الى دراسة هذا الجانب المهم من شعره في بحثنا هذا والذي سمينا (الشكل في قصائد شيخ رضا الطالباني).

والبحث يتكون من ثلاثة فصول، الفصل الاول خصص لدراسة العلاقة بين الشكل والمضمون بوجه عام وأهمية التوازن بينهما في النص الشعري، ثم دراسة الفن الشعري والقافية في قصائد شيخ رضا مع ضرب الامثلة الشعرية من ديوانه.

أما الفصل الثاني، فهو يدرس اللغة الشعرية لشيخ رضا، بدءًا بدراسة اللغة الشعرية والفرق بينها وبين اللغة الاعتيادية اولاً، ثم اللغة الشعرية لشيخ رضا موثقة بالأمثلة الشعرية، وتحديد مافيها من الكلمات الكردية والاجنبية (العربية والفارسية والتركية).

والفصل الثالث يدرس أوزان شعره، حيث بعد بيان أهمية الوزن في الشعر، تطرقنا إلى أهمية الوزن في شكل الشعر، وفي الختام حدّدنا الأوزان الشعرية التي استعملها شيخ رضا في قصائده.

## Abstract

This research paper studies (The Style of Shekh Raza Talabani's Poems). Obviously critics have paid attention to the content of Shekh Raza's poetry, but few have dealt with its style. This research, therefore, has devoted its attention to the style of his poetry. The paper is in three parts:

In part one the relationship between style and content is attended. Also in this part, we have critically approached the question of poetry and rhyme scheme in Shekh Raza's poetry by citing examples from his oeuvre.

Part two examines, Shekh Raza's poetic language, it also discusses differences between everyday language and poetic language. Shekh Raza's diction and his borrowings from Persian, Turkish, Arabic and Turkish languages are also debated in this part, with citing specific examples from his poetry.

Finally, the third part of this paper endeavors to study in depth the rhyme scheme of Shekh Raza's poetry. This part also brings in the importance of rhyme in poetry in general. This paper closes by identifying the different rhyme schemes that Shekh Raza has experimented in his works.